# ڕۆژنامەو جەنگ

نەوزاد عەلی ئەحمەد

2003---------------------------------------سلێمانی

**ڕۆژنامە و جەنگ**

* نەوزاد عەلی ئەحمەد
* چاپی یەکەم / سلێمانی
* ساڵی 2003
* تیراژ : 1000دانە
* ژمارەی سپاردن (233)
*  کتێبی ڕووناکبیری ژمارە (38)

## ناوەڕۆک


پێشەکی.................................................................
شەڕو گەیاندنی پرانسیپەکانی راگەیاندن......................
رۆژنامەی گەرم.........................................................
هەواڵو رۆتینەکانی حزب.......................................
پەیامنێری جەنگ لە بەرەکانی پێشەوەدا......................
رۆژنامەی جەنگ،جەنگی رۆژنامە................................
دەزگاکانی راگەیاندن لە نێوان هەڵگیرساندنی جەنگو
گواستنەوەی هەواڵدا..................................................
رۆژنامەی ئەمریکا،رۆژنامەی کورد..ئاڕاستەی ئیشکردن..
رۆژنامەنووسی سیخوڕ،سیخوڕی رۆژنامەنووس............
راگەیاندنو زەردەخەنەی سەرکردە.............................
وێنەی جەنگ،جەنگی وێنە.......................................
جەنگو پڕوپاگەندە...................................................
سەرچاوەی هەواڵەکانی جەنگ.................................
راگەیاندنو راکێتو رای گشتی................................

## پێشەکی

جەنگ بۆتە بەشێک لە زاکیرەی مرۆڤایەتیو لە مێژوودا ڕێژەی زۆربەی لاپەڕەکانی بۆ خۆی داگیرکردووە، ئەگەر دوێنێ نووسینەوەی جەنگو گەیاندنی کارێکی ئەستەمو گران بووبێت، بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆی جیهانگیری لە ساتی ڕوودانیدا هەواڵی جەنگو پێکدادانەکان دەگەنو بڵاودەبنەوە، کوردیش لەماوەی دەسەڵاتدارێتی دوانزدەساڵەی لە هەرێمی کوردستاندا بەگوێرەی تواناو بوار هەوڵیداوە سوود لە تۆڕەکانی گەیاندن وەربگرێت بەتایبەتی هەواڵی گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوەکان لەناوچەکەدا بەگشتیو لە مەیدانی عێراقدا بەتایبەتی، ڕاگەیاندنی کوردی ڕووبەرێکی گەورەی بۆ جەنگ تەرخان کراوەو گەلێک ماوەو جار وەک بەشێک لە جەنگەکان خۆی نمایشکردووە، بەڵام نەیتوانیوە بەلانسی ئاڕاستەکانی ڕابگرێت.

ئەم کتێبەش وردکردنەوەی ڕۆڵی ڕاگەیاندنە لە مەیدانەکانی ڕوودانی جەنگداو بەهۆی سێزدە ناونیشانی جیاوازو چەند هۆکارێک، لەپێناوی زیاتر وریاییو ئاگاییو ئەکتیڤکردنی ڕاگەیاندن باسکراوە، بابەتەکان زۆربەیان یەکەمجارە لە دنیای نووسینی کوردیدا قسەیان لەسەر دەکرێت هەر بۆیە ئاساییە گفتوگۆو ڕاگۆڕینەوەیان بەدوادابێت.

وتارەکان، ئەگەر تەواوکەری یەکتریش نەبن بۆ تەواوکردنی باسێکی زانستی پێکەوە گرێدراو ناوەڕۆکیان لە یەک پنتدا دەسوڕێنەوە کە بریتییە لە چاوەڕوانی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بۆ کاتژمێری سفری جەنگی ئەمریکاو بەریتانیا لە عێراقدا، نووسینەکان کاتی جەنگەکە دەگێڕنەوە، پێش ڕوودان و دوای ڕوودانەکە دەبینینو تا هەندێک لە وتارەکان بەشێکن لە مێژووی ڕوونەدانی جەنگەکە.

لە سێ باس هەوڵ دراوە پرانسیپەکانی کاری ڕۆژنامەگەری حزبی بەرانبەر بە جەنگو گۆڕانکارییەکان لە عێراقو ناوچەکەدا باس بکرێت، دە وتارەکەی تریش بریتین لە ڕۆڵی پەیامنێرو سەرچاوەکانی هەواڵو وێنەو پڕوپاگەندەو ڕایگشتی.. هتد بەتایبەتیش پێش ڕوودانی جەنگو لەکاتی جەنگیشدا 2003/3/19 تا2003/4/9، واتە ڕۆژی گرتنی بەغدای پایتەخت.

**نەوزاد عەلی ئەحمەد**

**سوید-ستۆکهۆڵم**

2003/5/1

**شەڕ و**

**گەیاندنی پرانسیپەکانی ڕاگەیاندن**

سەرتاپای جیهان ڕووبەڕووی شەڕێک بۆتەوە کەلەلای زۆربەیان بەشەڕێکی چارەنووسساز لێکدراوەتەوەو لەناوەندەکان قسەی لەسەرکراوە، هەندێک کەسیش بەگەمەیەکی هەنووکەیی تێدەگەن لەپێناوی گۆڕینی زاراوەکانی دیموکراسیو مافی مرۆڤو گۆڕینیان بەزاراوەی (ئاشتییەکی بەردەوام) واتە بەنەزەری ئەو گروپە تاچەند دنیای یەک جەمسەر دەتوانێت بەهۆی پرۆسیسی ئاشتییەکی بەردەوام پەرە بە بەرنامەکانی مافی مرۆڤو دیموکراسی بداتو پێگەیان باشتر تۆکمە بکات، دیارە ئەو تاک جەمسەرییە دوای ڕوخاندنی تاوەرەکانی ئەمریکا بڵندگۆکانی شەڕی گەرمترکرد کێوماڵی وڵاتێکی داڕوخاوی دەست پێکردو بەرژەوەندییەکان بەرەیەکی قەڵەباڵغی پێکهێنا، پێدەچێت ئەفغانستان بکرێتە کێڵگەیەک بۆ نووسینەوەی ئەو زاراوە ناوبراوەو چۆن بەرەکەی ئەمریکا ئەو زاراوەیە لەهەنگاوەکانی داهاتوویدا لەکێوماڵی دەسەڵاتیتری وڵاتێکی تری جیهاندا پراکتیزە دەکات، بەڕای ئێمە سەرکەوتنو سەرنەکەوتنی ئەو شەڕە تازەیە وابەستەیە بەخوێندنەوەی سیاسەتی ئەمریکا بۆ وردەکارییەکانی ئەودیوی نەخشەکەو لێکدانەوەی زاراوەکان، چونکە ئەوەی گرنگەو خاڵی جەوهەری ئەوەیە کەئەو شەڕانە عەفەوییەتی داڕوخانی تاوەرەکان دورستیان نەکردبێت!

ئەگەر بەشێوەیەک لەشێوەکانی بواری تیۆرییەوە سەیری پێناسەی شەڕو ئامادەباشیەکان بکەین، ئەوە ئەو وشەیە هەڵگری کۆمەڵێک پێناسەی کۆکو ناکۆکە، بیروبۆچوونی تاکەکەس ڕۆڵی هەبووە لەدەست نیشانکردنی پێناسەکان، گرنگ ئەوەیە هەر هەموویان شەڕ بەشەڕ دەزانن، بەڵام گرنگتریان هەموو کێشەکانی دنیا لەبەشەوە بۆ گشت لەگشتەوە بۆ بەش هەر بەشەڕ دەزانن کۆی هەموو قسەکانیش ئەوەیە کەهەر ململانێیەک بەجۆرێک لەجۆرەکانی شەڕ چارەنووسی دیار دەبێت، شەڕی ئەمڕۆش لەپاڵ گەمەکردن بەچەکە تازەو قورسەکان، ڕاگەیاندنیش بەرەیەکی گەرمی شەڕی بەقسەو هەواڵو هەڵدانەوەی دۆکۆمێنتەکان دەستپێکردووە، دیارە وەک دەزانرێت ئەمجارەش چەک لە وشە و وێنەی دووتوێی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی بردەوە، چونکە پێش ڕوخاندنی تاوەرەکان واتە ئەو کاتانەی کە جیهانگیری بەدەنگی زلو شکۆی شایانە قسەی دەکرد، ڕاگەیاندنیش لەو کاتانەدا زۆرجار دەیووت ئێستا دەسەڵاتی یەکەم مەبەستمان شەڕی نێو شەڕەکانەو بەرەی نێو بەرەکانە.

شەڕی ئەفغانستان لەمێژووی مرۆڤایەتیدا گەورەترین بەرەی نێودەوڵەتی دروستکرد،ڕاستە ئەو شەڕە پێش لایەنی سەربازی لەڕاگەیاندن ڕەنگی دایەوەو ئەوەی ئێمەش بینوومانەو سەیرمان کردووەو گوێمان لێ بووە، هەر دەزگایەک لەو دەزگایانە سەرەڕای ڕاگەیاندنی ئەرکی واقیعی مەسەلەکە، پرانسیپەکانی کاری خۆیان پاراستووە، پێش هەموو شتێک بەرژەوەندی دەزگاکەیان لەبەرچاوەو لەوەش دەچێت گروپێکی تایبەت لەو کەناڵانەدا سەرپەرشتی پرۆسیسی ئەو بەرەگیرییە بکات، ئەمەش کارێکی تەندروستە چونکە پاراستنی بەرنامەو پرانسیپ تایبەتمەندییەکانی هەر کەناڵێک لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندنو پێگەی کەناڵەکە لەنێو جەماوەردا لەدەست نادات.

بۆ کوردستانیش هەر زوو دەسەڵاتدارێتی هەرێمەکە هەڵوێستی خۆی ڕاگەیاندو بەرەی خۆی دەستنیشانکرد، سەرەڕای ئەمەش لەناوەوەش ئەو دەسەڵاتە گۆشەیەک لەگۆشەکانی شەڕەکەی ڕاستەوخۆ بەرکەوت، شەڕی سەربازیو شەڕی وریابونەوەی ڕاگەیاندنیش دەستی پێکرد،

بەشێوەیەکی عەمەلی ئێستا هەرێمی کوردستان بەیەک پێوەر، بەڵام بەچەند گۆشەیەک سەیری ئەو دوو جۆرە شەڕەی کەلەدوو زەوی جیاوازدایە دەکات، بەڵام نابێت ئەوەش فەرامۆش بکرێت کەبۆ دەسەڵاتدارێتی کوردی هاوسەنگییەکە لەشەڕە سەرتاپاگیرییەکەی ئەفغانستان قورسترە، نەخوازەڵڵا پێناسەکردنی شەڕەکەو ئەو هۆکارانەی کەپێویستەو تاچەند کورد بەکاریان دەهێنێت، ئەمە ئەگەر ریزبەندکردنی کارتەکان لەسیاسەتی بەرە یەک جەمسەرییەکەی دوای روخانی تاوەرەکان نەترسێت!

ئەی لەو واقیعەدا راگەیاندنی کوردی چۆن کاری کردووەو کام دەستەواژەی بۆ ئەو ململانێیە پێ گونجاوتر بووە؟ دیارە وەک چۆن دەسەڵاتدارێتیەکە لەدوو گۆشەدا هەڵوێستی خۆی بەیان کردووە، یەکەم بۆ ئەمریکاو بەرەکەی، دووەم چوونە نێو شەڕێکی سەربازی کەبەشێکە لەبەرەی تیرۆریستی ئیمارەتی ئیسلامی ئەفغانستان، جا دەتوانین بڵێین سەرەتا راگەیاندنی کوردی باش ئیشی لەسەر ئەو دوو مەسەلەیە کرد، کەدەڵێین دوومەسەلە مەبەستمان یەک مەسەلەی دوو پنتە، واتە؛ پنتی ئەفغانستانو پنتی ئەودیوی شاخی شنروێ، بەڵام ناوە ناوە بەتایبەتیش رۆژنامەیەکی وەک کوردستانی نوێ، پرانسیپی خۆی بەناوی بوونی لاپەڕەی ئازاد لەدەست دەدات، ئەویش ئەوە دوو جارە بەئاشکرا دەرگا لەسەر ئەبوبەکر عەلی دەکاتەوە، کەدیارە بەڕێزیان ئەندامی مەڵبەندی یەکگرتوو ئیسلامی کوردستانە، ئایا لەشەڕێکی چارەنووسسازدا لەنێوان ئوسولیەتو عەلمانیەتدا چۆن رۆژنامەی حزبێکی دەسەڵاتدار رێگا بەئەندامێکی کارای بەرەکەیتر دەدات تا شفرەی پەروەردەکردنی ئەندامەکانی خۆی لەڕۆژنامەیەکی بەربڵاوی وەک کوردستانی نوێ بڵاو بکاتەوە؟ چۆن بەناوی ئازادی بیروڕا دەرگای بۆ دەکاتەوە؟ کەسەرتاپای نووسینەکەی ئاڕاستەیە بۆ ئەندامەکانی خۆیو رەخنەی توندە لەعەلمانیەت، چونکە رۆژنامەی حزبی، لەو جۆرە حاڵەتانەی وەک ئەمڕۆدا سێ ئەرکی دیاری لەسەر شانە (بانگەشە، هاندان، رێکخستن) با ئوسولیەکان لەمینبەرەکانی خۆیانەوە وەڵام بدەنەوە، ئەوە رەنگە بۆ هەفتەنامەیەکی وەک هاوڵاتی ئاسایی بێت لەزۆربەی ژمارەکانیدا هەواڵو وێنەی چەکدارە توندڕەوە ئیسلامیەکان بڵاوبکاتەوە! دیارە پرانسیپی رۆژنامەکە ئەمەی قبوڵە! بەڵام بۆ رۆژنامەی کوردستانی نوێ ئەمە دەرگای ئازادی نییە! بەڵکو خاوکردنەوەی پرانسیپەکانی رۆژنامەی حزبێکە کەئێستا شەڕێکی ترسناک رووبەڕووی بۆتەوە.

## رۆژنامەی گەرم

هەموو رۆژنامەیەکی حزبی لەلایەن سەرکردایەتی حزبەوە وەک هەر ئۆرگانێکی‌تری حزبی ئاراستەدەکرێت، تاهەندێکجار لەهەرەمی هەرە سەرەوەی حزب دەستەیەکی کارای بۆ پێکدەهێنرێت تاڕاستەوخۆ ببێتە بەشێک لەو پێکهاتانەو زانیاری ئاراستەکان لەو دەستەیەوە وەربگرێت، ئەمە زیاتر ئەو رۆژنامانە دەگرێتەوە کەپێیان دەوترێت رۆژنامەی ناوەندی حزب، واتە ئۆرگانو زمانحاڵی حزب، لەلای خۆمان گەمەییەکی مەعقوڵیش بەو زاراوەیە کراوەو لەپاڵ ئۆرگان، هەندێک لەحزبەکانی کوردستان لەسەر رۆژنامەکانیان نووسیوە فلان حزب یاخود رێکخراوی سیاسیی ئەم رۆژنامەیە (دەردەکات)، ئەمە بۆ فراوانکردنی چوارچێوەو رووبەڕی بڵاوکردنەوەو بوونی دەنگی جیاوازە لەڕۆژنامەکەدا، دیارە ئیشکردن لەهەموو پنتوگۆشەکانی، یەکەم: بۆ بوونی دەنگی جیاوازە لەواقیعی کوردستاندا. دووەم: بۆ باشترکردنو بەهەرمێنکردنی بازاڕی فرۆشتنی رۆژنامەکەیە، کەلەکۆی هەردوو خاڵەکەدا بەرهەمهێنانی ئەنجامەکە بۆ حزب دەگەڕێتەوە، لەم وتارەدا گەرەکمانە لەکۆی ئەو چەند وشەو دەستەواژەو رستانەی پێشەوەدا چەند پرسیارێک بکەینو بەگوێرەی  تواناش هەوڵدەدەین پرسیارەکان راڤەبکەین، وەک بەشێک لەکایەیەکی گەرم چۆن رۆژنامەیەکی گەرم بەهەواڵو وتارو لێکدانەوەی سیاسیی لێدەکەوێتەوە، خودی رۆژنامەی حزبی‌ی کوردی پێش هەموو لایەنو دەستەوگروپێک بۆی هەیە بپرسێت، ئایا خەمساردی رۆژنامەکانمان دەستەواژەیەکی راستە بەکاربهێنرێت؟ ئەمە وەک واتای دەستەواژەکە؟ هەروەها دەتوانرێت هاوشێوەی ئەم چەمکەش بەکاربهێنرێت؟ چونکە ئێمە نیگا لەکێرڤێک دەگرین کەبەرێژەیەکی زۆر سەیرو سەرسام یاری دەکات.

پرسیارەکان دەڵێن، ئایا شەڕ یاخود ئاشتی کێرڤی بازاڕی رۆژنامە بەرزدەکاتەوە؟ ئایا حزبییەکان کەی‌و چۆن موتابەعەی بەردەوامی رۆژنامەکەیان دەکەن؟ ئایا خوێنەرانی بەردەوامی رۆژنامە حزبییەکان کێن؟ ئایا دامودەزگا حزبییەکان چ بابەتێک زیاتر لەڕۆژنامەکەیان سەرنجیان رادەکێشێت؟ ئایا حزبییەکانی گەڕەکی عەقاری‌و تووی مەلیک، یاخود حزبییەکانی گەڕەکی ئازادی‌و زێڕینۆک زیاتر موتابەعەی رۆژنامەکەیان دەکەن؟ ئەمانەو دەیان پرسیاری لەو جۆرە پردی نێوان رۆژنامەو جەماوەر تۆکمەترو بەهێزتر دەکات، لەئەنجامی ئەزموونو تاقیکردنەوەدا چەند راپرسێک لەسەر بنەمای ئەو پرسیارانە دادەڕێژرێت، رۆژنامە حزبییەکان ئەگەر کێرڤی خوێنەرو بازاڕیان خراپ بێت، دەتوانن بەخۆیاندا بچنەوەو باشتر پێگەکەیان واقیعیانەتر دابڕێژنەوە، من تائێستا لەهەموو مێژووی رۆژنامەگەریی حزبی کوردیدا نەمبینیووە رۆژنامەیەک باس لەشکستی خۆی بکات کەنەیتوانیوە ئەرکو چالاکییەکانی‌رابپەڕێنێت! لەهەمووی گرنگتریش رۆژنامەی حزبی وەک هۆکارێکی بازرگانی مامەڵە لەگەڵ هەواڵو بابەتەکانی‌تری رۆژنامەگەریدا ناکات؟! جا مادام کێشەیەکمان نییە بەناوی قازانجو وەدەستهێنانی دارایی کەواتە پێویستە بەجۆرێک کاربکرێت چۆنو بەچ شێوەیەک کار لەخوێنەران دەکرێتو چۆن ئامانجەکانی حزب دەگەیەنرێت! بەتایبەتی لە حاڵەتێکدا کەچەندان بڵاوکراوەو رۆژنامەو گۆڤاری‌تر سەنگەریان لێتگرتووەو هەوڵدەدەن جەماوەرت لێدابتەکێنو هەوڵ دەدەن لەزۆر رووەوە رووتتبکەنەوە، لێرەوە پرسیاری هەرە سەرەکیمان ئەوەیە ئایا رۆژنامە حزبییەکان هەر تەنیا مەبەستیان دەرچوونو نەوەستانە؟ یاخود گەڕانە بەدوای سەبق؟ یان خۆدزینەوەیە لەهەواڵی گەرم؟ ئەوەی باشتر رۆژنامە بەپێوە دەوەستێنێتو بازاڕی گەرمتر دەکاتو خوێنەری بۆ زیاتر دەکات، لەدەستنەدانی هەواڵی سەعاتو رۆژە! چونکە ئەگەر مرۆڤ فریای خۆی نەکەوێت دەبێتە بەشێک

له تەكنۆلۆژیای رۆژ و وەک رۆبۆتێک لەسەر كۆمپیوتەر دادەنیشێتو رووداوەكانی سەعات و چركەكانی ژیان كە لەڕووپەڕی سایتەكان چركە بەچركە دادەبەزن، بەرۆكی خوێندنەوەی بەرنادەن، نەخوازەڵڵا ئەمڕۆ ئێمە لەناوچەیەكی زۆر گەرمی دنیا دەژین، گەرمو چاوەڕوان بەگۆڕانو گۆڕانكاری كەلەنێو ئەو پانتاییەدا پێش هەموو هۆكارەكان راگەیاندن دەتوانێت بۆ نموونە لە كاتی بڵاوكردنەوەو لەدەستنەدانی هەواڵێكی چەند دێڕی گەورەترین بوومەلەرزەی راگەیاندن لەهەموو دنیا دروست بكاتو خوێنەرێكی زۆریش بۆ رۆژنامەكەی كۆبكاتەوە.

جا وەک لینین دەڵێت: چی بكەین؟، پێش هەموو شتێک پێویستە ئەو جۆرە رۆژنامانە واتە رۆژنامە حزبییەكان بەمێژووی خۆیاندا بچنەوە، ئایا بەرامبەر بەكام رووداوو واقیع كێرڤی بازاڕو جەماوەریان باش بووە، دیارە ئەمەش بەوەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە دەبێت كەلەپەرەگرافی دووەمی ئەم نووسینەدا خستوومەتەڕوو، نەخوازەڵڵا گەڕان بەدوای ئەو خاڵانەی كەشكستیان بەڕۆژنامەكە داوە، ئەگەر نەتوانرا لەو شكستە بكۆڵدرێتەوە، ئەوە خوێنەرانی رۆژنامەكە هەقی خۆیانە بۆ رۆژنامەیەكیتر وەک ئەڵتەرناتیڤێک بگەڕێن؟ بەتایبەتیش لەو حاڵەتانەی كە ڕۆژنامەكە لە موعاناتەكانی نەدوێتو لەتەلی هەستی نەدات سەرنجی رانەكیشێت لەو رووەوە تاخوێندنەوەی دەروونی خوێنەرانیش كارێكی پێویستە، پێویستە رۆژنامەنووسان بەحزبیو ناحزبییەوە وەک پلانێكی ئیشكردن لەبەرچاویان بێت!.

جا ئەگەر رۆژنامە حزبییەكان هەست بكەن رووبەڕووی شكست بوونەتەوە،كەواتە پێویستە بە هەنگاوی زیرەكانە ئەو مێژووە جێدێڵنو بپەڕنەوە؟ بەبۆچوونی من باشترینو حەساسترین فرسەتیان هاتۆتە پێشو دەتوانن زۆر بەوریایی ئیشی لەسەربكەنو گەورەترین جەماوەر بۆ خۆیان كۆبكەنەوە،رۆژنامەی كوردستانی نوێ لەڕۆژی دەرچوونییەوە تابەئەمڕۆش دەگات گەلێک رۆژنامەو بڵاوكراوە، زۆر بەئاشكرا تەقلیدیان كردۆتەوەو وەک رێچكەیەک سوودیان لێبینیوەهەتا لەفۆرمو ناوەرۆكیشدا شتیشیان لێوەرگرتووە، ئەوەی من بزانم گەلێكجار بۆتە سەكۆیەک بۆ كۆكردنەوەی رای گشتی كوردستان، بۆ نموونە لە مانگگرتنەكانی ساڵی 1991 و 1992و هەروەها بۆ مەسەلەی فیدرالیەتو تەسبیتكردنی زاراوەكانی حكومەتی هەرێمو ناوی وەزارەتەكان لەپێش هەموویاندا زاراوەكانی وەزارەتی كاروباری پێشمەرگەو پەرلەمانی كوردستان یان ئەنجومەنی نیشتمانی.. هتد، تابەم دواییانەش ئیشكردنی بووە لەسەر زاراوەكانی تیرۆرو تیرۆریزم، هەروەها هەر لەسەرەتاوە خاوەنی چەندان گۆشەی جوانو سەرنجڕاكێشەر بوو بۆ نموونە وەک گۆشەی بۆمبا كەبەیانیان دوای ئەوەی رۆژنامەكە دابەشدەكرا لێپرسراوە حزبیو حكومییەكان پێش هەموو شتێک لەترسی موخالەفاتەكانیان ئەو گۆشەیان دەخوێندنەوە، ئەمەو بێجگە لەلاپەڕەی كاروباری هاووڵاتیان، هەروەها لەسەرەتاوە تائەمڕۆش چەندان جار رۆژنامە گەورەكانی دنیا هەواڵیان لەكوردستانی نوێ وەرگرتووە، بەڵام دەبینین هەندێک هەواڵ هەیە هەموو كەس دەزانێت كەلەیەكێک لەكەناڵە حزبییەكان وەرگیراوەو رۆژنامەیەكیتر بازاڕی پێ خۆشترو گەرمتر دەكات، كەچی رۆژنامەی حزبەكە ئەو هەواڵە بڵاوناكاتەوە، لەو هەواڵانەش نییە وەک سیاسەتی رۆژانەی حزب هێڵی سووری بۆ كێشرابێت!

ئەمڕۆ لەبەردەم راگەیاندنی كوردیدا دیوارێک هەیە بۆتە ناوچەیەكی موحەڕڕەمو پەڕینەوە بۆ ئەو ناوچەیە خەتەرناكە؟ لەولاوەش تۆپێک لەو مەیدانەدا دانراوە، چاوەڕوان دەكات كێ یاری پێبكاتو گۆڵی سەركەوتنی پێ تۆماربكات گرەوو مەدالیاكە بباتەوە! دیارە رۆژنامەیەک هەیە گۆڵی خۆی دەكات، بەڵام گرنگ ئەوەبوو كێ دەیكات؟ من بۆچوونم وایە تاكە گرەوێک كەواچاوەڕوان دەكرێت ڕۆژنامە حزبییەكان لەو گەمەیە ببەنەوە بوونی (رۆژانە)یی رۆژنامەكانی

دوو حزبە دەسەڵاتدارەکەیە، ئەگەرنا هیچ فاکتەرێکی ئەوەندە بەهێزیان نییە کە لەو یارییەی ئەمڕۆ گۆڵی سەرکەوتنی خۆیان تۆماربکەن، چونکە ئەگەر یەکێک لەو هەفتەنامانەی ئەمڕۆ بۆ نموونە کە لەسلێمانی دەردەچن وەک هاووڵاتی، هەواڵ، تایم،رایگشتی، ئەگەر کێشەی داراییان بۆ چارەسەرکراو بوونە رۆژانە، رۆژنامە حزبییەکان چ دەکەن؟ پێویستە ئەوسا لەڕەگوڕیشەوە سیاسەتو پرانسیپی کارکردنی خۆیان بگۆڕنو بەهەناسەیەکیترو بەپلانو بەرنامەیەکیتر ئیشبکەن!!

پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئەی بۆ ئێستا بەو هەناسەیە کارنەکرێت؟ وەک شەش ساڵو حەوت ساڵ لەمەوبەر گۆمەکە ناشڵەقێنن، لەم سەروبەندەدا دەپرسم ئایا ئەمڕۆ وەک دوێنێ رەخنەو رەخنە لە خۆگرتن قبوڵ دەکرێت؟ لەم رووەوە چارەسەری هەنووکەیی هەیە دەتوانرێت کاری بۆ بکرێت بۆ نموونە لەلاپەڕەی کاروباری خەڵک لەکوردستانی نوێدا کێشەی بەجۆرێک حەساسی تیایە ئەگەر لەلاپەڕە (یەک)و بەشێوەیەکی بارز دابەزێت دوو بەقەد ئەمڕۆ کێرڤی رۆژنامەکە بەرزدەبێتەوە، تاهەندێک کێشە هەیە تادەتوانرێت مانشێتی سەرەکی لاپەڕە1ی بۆ دروستبکرێت.

لەکۆتایی ئەم کورتە نووسینەدا، کۆی بۆچوونەکانم لەچەند دێڕێکدا چڕدەکەمەوە، ئەویش ئەوەیە، ئایا راگەیاندنی کوردی چۆن دەتوانێت کاراترو وریایانەتر لەخەڵک بدوێت، نەخوازەڵڵا لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا، هەڵوەستە کردنیشم سەبارەت بەڕۆژنامە حزبییەکان تەنیا لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کەڕۆژانە دەردەچنو راستەوخۆتر وابەستەن بەوەزعی کوردستانەوە، ئاساییە ناونیشانی نووسینەکەش بەم شێوەیە بگۆڕدرێت (رۆژنامەی حزبیو ناحزبی،یان رۆژنامەی گەرم) کەبەئومێدم ئەمڕۆ چەندان رۆژنامەی ناحزبی لەکوردستان دەربچنو بڵاوبکرێنەوە، ئەو چەند سەرەقەڵەمەی پێشەوەش لەپێناوی باشترکردنی میدیای کوردییە تاهەوڵبدات چالاکانەتر خزمەت بەهاووڵاتیانی بکات ئەویش بەدۆزینەوەی هاوسەنگیو پێوەندی دێت لەنێوان رۆژنامەو خەڵکدا، کە هیوادارم لە بەیانی زووتر نییە پرۆسێسی ئەو پەیوەندییە باشتر ببینمو ببینرێت، بەڵام واهەستدەکەم رووداوو هەواڵەکان ئەوەندە گەرمن، رۆژنامەکان گەرمتر دەهێننە مەیدان.

**هەواڵو**

**رۆتینەکانی حزب**

حزب بریتییە لەچوارچێوەیەکی کارکردن بەمەبەستو ئامانجی بەرهەمهێنانی واقیعێکی باشترو لەبارتر بۆ کۆمەڵگا، پرۆسێسی ئەو بەرهەمهێنانەش بەهۆی چەند فاکتەرێک دەگاتە ئەنجام، یەکێک لەو هۆکارانەش ماشێنی راگەیاندنە بەهەموو کەناڵەکانییەوە، حزبی کوردیش هەر لەڕۆژی دامەزراندنو کارکردنییەوە هەستی بەکارایيو رۆڵی ئەو ماکینەیە کردووە، بۆیە هەوڵیداوە بڵاوکراوەو رۆژنامەو گۆڤاری تایبەت بەخۆی هەبێت، لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی رابردوودا ئێستگەی رادیۆشی بەکارهێناوە، تائەمڕۆ گەیشتۆتە ئاستێک سوودی لەدوا

هۆکارە پێشکەوتووەکانی گەیاندنو راگەیاندن بینیووە، ئەویش کردنەوەی کەناڵی تەلەفزیۆنی ئاسمانیو نێتی ئەنتەرنێتییە.

زۆربەی ئەو کەناڵە ناوبراوانەی دەستنیشانمان کردوون ئەمڕۆ رۆژانە هەواڵو چالاکییەکانی حزب بەخەتو فۆنتی درشت بلاودەکەنەوە، تا ئەو شێوە دارشتنانە بەسەر هەواڵی دام ودەزگا ئیدارییەکانیشدا زاڵە، لێرەدا نامەوێت هێڵی راستو چەپ بەسەر ئەو هەواڵانە بهێنین ،بەڵکو دەمانەوێت لەو فلتەرو وێستگانە بدوێین کە لە کەناڵێکی راگەیاندنی حزبیدا هەواڵێکی پیا تێدەپەرێت.

سەرەتا دەمانەوێت وەڵامی ئەو خوێنەرو خوێنەرانە سەبارەت بە پرسیاری (بۆ هەر تەنیا کەناڵەکانی راگەیاندنی حزب؟) بدەینەوە، واتە ئەی رۆژنامە و گۆڤارەکانیتر کە کەسو دەستەو گروپ دەریدەکەن، بەوە جیادەکرێنەوە کە (سەربەخۆ) (ئەهلی)ین!! لەوە دەچێت بتوانرێت وەڵامی ئەم پرسیارە تەنیا بە یەک وشە بدرێتەوە ئەویش(هەواڵ)ە، چۆن؟ چونکە کەناڵەکانی راگەیاندنی حزب تائێستا هێزێکی زۆر گەورەیان هەیە کەوامان لێدەکەن بەردەوام موتابەعەیان بکەین، ئەویش خاسیەتی (رۆژانە)یی ئەو کەناڵانەیە، کەرۆژانەو بەردەوام دەردەچن پەخش دەکرێن،لە شوێنێکیتریشدا ئاماژەم بەم بۆچوونەم داوە، ئەمەش پێناسەی راستەقینەی هەواڵە،لەرۆژگاری ئەمڕۆدا خەڵک نەک لەتەوەری بیست وچوار سەعاتدا، بەڵکو بەردەوامو چرکە بە چرکەو خولەک بەخولەک هەواڵی تازەی لەکەناڵەکانی راگەیاندن دەوێت، هەر لەم چوارچێوەیەدا رەنگە خوێنەرێک بڵێت، رۆژنامەو کەناڵی حزب واتە هەواڵو پەخشانەکانی حزب، ئەمە راستەو بەڵام رۆژانە ئەو هەواڵانە دەچنەماڵی ژمارەیەکی زۆر لەکوردی ناوەوەی نیشتمانو دەرەوەدا، ئەمەش پاساو نییە بۆ بوونی لاوازی کڵێشەی ئامادەکراو لەهەواڵەکانی حزبدا بەڵکو سەیرکردنی واقیعێکە کەبوونی ئامادەیەو ئەمڕۆ ناتوانرێت نەفی بکرێت.

دەشێت شیتەڵکاری ئەو جۆرە هەواڵە حزبیانەو فەرامۆشکردنی دەیان هەواڵی گەرمیتر بۆ نووسینو لێکدانەوەیتر جێ بهێڵین.

لەم نووسینەدا لەرێگرییەک دەدوێین، کەرۆژنامەی حزبی لەرۆژگاری ئەمڕۆشدا نەیتوانیوە چارەسەرێکی بۆ بدۆزێتەوە، ئەویش بوونی کۆمەڵێک فلتەرە کەئێمە بەرۆتین ناوی دەبەین، بوونی ئەو زنجیرە ئیدارییەش هێزی هەواڵی لەرۆژنامەی حزبیدا کوشتووە، خاڵی زیندوو بۆ بوونی رۆتین بەندە بەعەقڵیەتی کارکردنی سەرکردایەتی حزب بەهەمان پێوەری چەندان ساڵو قۆناغ لەمەوبەر، کە ئێمە وای دەبینین پێویستە ئەو عەقڵیەتو بەرنامەی کارکردنە لەهەموو ئۆرگانەکاندا بگۆرێن، لەئۆرگانی راگەیاندن پێش هەموو ئۆرگانەکانی تر، دەبێت بەعەقڵیەتو بەرنامەی (دامەزراوەیی) کاربکرێت، واتە پلەی یەکەم بۆهەواڵ، لەهەواڵیش هەواڵی گەرم واتە ئەو هەواڵانەی کەلەلای جەماوەر گرنگنو جێگەی بایەخپێدانە.

ئەم دەرئەنجامە لەبوونی دەسەڵاتێکی راپەراندنەوە سەرچاوە دەگرێت، کەبریتییە لەدەسەڵاتی حزب کەئیدارەی پانتایی رووبەرێکی دیاریکراو دەکات، ئەو رووداوانەی هەواڵیان لێ دروستدەکرێت، رۆژانە لەو سنورە روو دەدەن، واتە بەشێکن لەرەحمی دەسەڵاتەکەو رۆژانەش دەگەنە ئیدارەی بەرێوەبردنی رۆژنامە، یاخود بەجۆرێکیتر لێکی بدەینەوە (شوێنی رووداو- ئیدارەی رۆژنامە) هێڵێکە زوو روداوەکە رووبەرووی رۆژنامەکە دەکاتەوە، ئایا بۆچی دوای ئەو وێستگەیە هەواڵەکە لەبلاوکردنەوە دوادەکەوێتو چاوەرێی پەرینەوەی فلتەرەکانی رۆتین دەکات تا وێستگە بەوێستگە ڤیزای پەرینەوە وەربگرێت؟

ئەمە بۆ ناوەوەی نیشتمان، بۆ دەرەوەش ئەمڕۆ دەتوانرێت دوای بینین یاخود وەرگرتنی هەواڵێک بەهۆی تەکنەلۆژیای تازەوە پاش چەند خولەکێک دوای ئامادەکردنی هەواڵەکە بەنیشتمان بگەیەنرێت کەچی زۆر جار پاش سێ رۆژ یاخود زیاتر،ئینجا دادەبەزێت، ئایا ئەمە ئەگەر رۆتینی هێنانو بردنو گەیاندن نەبێت؟ ئەی چییە؟ یان نەشارەزاییە بەرامبەر بەکاری رۆژنامەنووسیوهەواڵ، لەم بارەدا بۆ دواکەوتنی هەواڵ هەر پاساوێک بهێنرێتەوە، پاساوی لاوازەو باشترین کار ئەو کارەیە کەهەواڵەکە دواکەوت بڵاونەکرێتەوەو فەرامۆش بکرێت، چونکە هەر هەواڵێک لەکاتی خۆیدا بڵاونەبۆوە رۆحی تێدا نامێنێتو مەبەست ناپێکێتوچروک دەکات، هەواڵی چروکیش رۆژنامە چروک دەکات، بەڵام بەپێچەوانەوە دەبینین هەواڵەکانی حزبو دام دەزگاکان تەنیا رووبەرووی یەک دوو فلتەر دەبنەوەو بەیانی بەفۆنتێکی درشت دادەبەزن، چەندان جار بینیوومانە وەک هەر هەواڵێکی ئاسایی وەڵامی پرسیارەکانی بوونی هەواڵێکی کلێشە ئاسایان داوەتەوەو زۆر بەپەلە بەسەر خوێنەراندا گوزەر دەکەن، هەواڵی زیندوو ئەو هەواڵەیە خوێنەر هەڵوەستەی لەبەردەمدا بکاتو خوێنەر بوروژێنێت.

ئالێرەدا دوو جیاوازیمان بۆ دەردەکەوێت کەبریتین لەدوو جۆرە رۆتین، رۆتینێک زوو ڤیزای پەرینەوە بەجۆرێک هەواڵ دەدات، رۆتینێکیتر درەنگ ڤیزاکە دەدات یاخود هەواڵەکە فەرامۆش دەکاتو لەسەری دەنووسێت ناشێت بۆ بڵاوکردنەوە، لەم رووەوە ئەگەر لیژنەیەکی شارەزا لەرۆژنامە حزبیەکاندا بەئەرشیفی هەواڵە نەشیاوەکاندا بچێتەوە، دەبینیت سەدان هەواڵ هەیە یان کاری رۆتین دوایخستوون، یاخود بەرژەوەندی پاراستنی کورسی رێگەی بڵاوکردنەوەی پێنەداون، هەواڵە نەشیاوەکانیش زۆربەی ئەو هەواڵانەن کە رۆژنامەکە زیاتر لەخەڵک نزیک دەکەنەوەو سیفاتی جەماوەربوونو بازاڕ هەرمێنی پێدەدەن، لەڕوانگەی ئەو پێرەوە نادروستە زۆربەی پەیامنێرو هەواڵنێری رۆژنامە حزبیەکان ئەوەندەی گوێ بۆ بارەگاکانی حزبەکەیان گوڵاغ دەکەن تا هەواڵێک ببیستنو وەریبگرنو بۆ رۆژنامەکەیان ببەن ئەوەندە گوێ گوڵاغی بازاڕ نین! بەگەیشتنی دوو هەواڵ بۆ بارەگای رۆژنامە یەکێکیان هەواڵێکی ئاسایی حزب بێتو هەواڵەکەی تریان هەواڵی نێو بازاڕو پێوەندی بەژیانی رۆژانەی خەڵک هەبێت، ئایا ویستگەکانی رۆتین نەزەری وردبینانە لەکام هەواڵ دەگرێت؟ پلەی دابەزین لەڕووی گرنگی پێدانەوە بەکام هەواڵ دەدات؟ بێگومان بەهەواڵەکەی حزب، ئەمە خاسیەتی رۆژنامە حزبیەکانی رۆژگاری سۆڤیەتو بلۆکی سۆسیالیستین، کەچوارچێوەیەکیان بۆ رۆژنامە داڕشتبوو، بەڵام ئەمڕۆ بۆ حزبی کوردی رەوا نییە بەهەمان شێواز کاربکات، چونکە دنیا زۆر بچووک بۆتەوە، ئەگەر رۆژنامەکانی خۆمان گرنگی بەهەواڵەکانی خۆمان نەدەن ئەوە رۆژنامەکانی دنیا هەواڵەکان دەقۆزنەوەو دوایی ئێمە لێیان وەردەگرینەوە!

دەتوانین بەواتایەکیتر ئەو چەند دێرەی پێشەوە بخەینەڕوو، هەیکەلی بەشی هەواڵی رۆژنامەکان زیندوو بکرێتو هەوڵبدرێت هەواڵەکانی ناوەوەو دەرەوەی نیشتمان بەزووترین کات بگاتە ئەو بەشەو لەکاتی ئامادەکردنی هەواڵەکاندا پرەنسیپی لەپێشتر بۆ ئەو هەواڵانە دابندرێت کەهەواڵی گەرمنو لەلای خەڵک گرنگنو جەماوەر پێویستی بەوجۆرە هەواڵە هەیەو وەک ئەنجامیش بۆ بازاڕی رۆژنامەکە باشە، لەو حاڵەتەدا هەواڵە گەرمەکانی حزبیش دەبنە بەشێک لەهەواڵەکانی عامەی خەڵکو دەشێت لەو پرۆسیسەدا هەواڵێکی حزب ببێتە یەکەم هەواڵ، لەپەراوێزی ئەو قسەو باسانەدا رۆتین هەر هێنانو بردنو دواخستنی هەواڵ ناگرێتەوە، بەڵکو ئێمە کلێشەی سواوو حازر بەدەستی هەواڵیش هەر بەجۆرێک لەکاری رۆتینی بەشی هەواڵو هەواڵسازان دەزانین.

به رای من پێویسته هەیکەلێکی ئازادترو واقیعیانەترو هاوچەرخانەتر بۆ بەشی هەواڵو بڵاوکردنەوەو پەخشکردن دابندرێت،تا بەیانی کە ڕۆژنامەکە بڵاودەکرێتەوە نەک هەر تەنیا حزبییەکان بەڵکو عامەی خەڵک بەدوای هەواڵی خۆی بگەڕێت، با ڕۆتینیش لەسەر تەزکیەی حزبی پلە بۆ هەواڵ دانەنێت، دیارە هەر تەنیا ڕۆتین هەواڵی ڕۆژنامە ناکوژێت، بەڵکو فاکتەریتریش هەن.

**پەیامنێری جەنگ لەبەرەکانی پێشەوەدا**

کاری پەیامنێری جەنگ لەیەکەم جەنگی جیهانەوە لەزهنی خوێنەرانی ڕۆژنامەی نووسراودا شوێنێکی تایبەتی گرتووە، پاشان بەهۆی راگەیاندنی بینراوو بیستراوەوە لەمەیدانەکانی جەنگدا زیاتر هێزی سەرنجڕاکێشانی بەکارەکەدا، لەکاتی جەنگی ڤێتنامیشدا گەیشتە لوتکە. زۆر کەس وا لێک دەداتەوە، کە ڕۆژنامەکانی ئەمریکا یەکێکن لەوهۆکارانەی کە وایان لەئەمریکا کرد پەلە بکات لەکێشانەوەی هێزەکانی لەڤێتنامدا، چونکە کۆمەڵێک نووسینیان بڵاوکردەوە کاریان لەکۆمەڵگای ئەمریکی کرد کەبەچاوێکی تر سەیری جەنگەکە بکەن. وەک دەزانرێت کاری ڕۆژنامەنووسی لەنێوان یەکەم جەنگی جیهانیو جەنگی ڤێتنامدا گۆڕانکاری بەخۆوە بینیووە،لەیەکەم جەنگی جیهاندا قەڵەمو هێزی وەسف کاریگەریان هەبوو، بەڵام لەجەنگی ڤێتنامدا وێنە کاریگەری پەیداکرد، بەتایبەتی فیلم کە دیمەنە زیندووەکانی دەگواستەوە، ئەمەو سەرەڕای بوونی هێزی فیلمی دۆکۆمێنتی، بەڵام وێنەی فۆتۆگرافی هێزی خۆی لەدەست نەدا چونکە وەک بەڵگەیەکی بەهێز ساتە مێژووییەکانی دەنواند، ئەو وێنەیەی کاریگەری لەسەر رای گشتی وەرگرانی زانیاری جێدێڵێت وێنەیەکە لەساتێکی هەڵکەوتوودا گیراوەو ئەو ساتە دووبارە نابێتەوە.

لەم بوارەدا ئەوەی وەک مفارقە دێتە بەرچاو ئەوەیە ئەو ریپۆرتاژە وێنەدارانەی کەناوبانگی جیهانیان بردۆتەوە دەتوانین بڵێین زۆربەیان لەسەر رووپەڕی گۆڤاری هەفتانە یاخو د مانگانەدا بڵاوبونەتەوە نەک لەسەر رووپەڕی ڕۆژنامەی ڕۆژانەدا، هێزی وێنە لەراگەیاندندا بە ریپۆرتاژ گرێدراوە، هۆکارەی ئەمەش لەڕۆژنامەگەریی هەفتانەدا ئەوەیە کە ڕۆژنامەگەریی هەفتانە دوو رەگەزی تیایە لەڕۆژنامەی رڕۆژنامەدا نییە،

یەکەم: رووبەرێک بۆ وێنە لەبەردەستدایەو(زۆرو رەنگاو رەنگ).

دووەم: کاتێکی زۆر هەیە (مامەڵەی وەرگر) لەگۆڤاری (مانگانە یاخود هەفتانە ئەمەو بێجگە لەژمارەی زۆری مامەڵە پێکراون لەگەڵ گۆڤاردا واتە ژمارەیەکی زۆری خەڵک هەیە کە گۆڤارو هەفتانە دەخوێننەوە، ئەمەش پێچەوانەی ڕۆژنامەی ڕۆژانەیە، کەیەک ڕۆژ لەدەستی یەک خوێنەر (یاخود دوو کەس) دەمێنێتەوە، چونکە بەیانی ژمارەیەکی تر لەڕۆژنامەکە دەردەچێت، بەمانەوەی هەفتەیەک (یاخود مانگێکی) یەک ژمارەی گۆڤارێک لەدەست خوێنەراندا، لێرەوە زەمەنی مانەوە ڕۆڵی خۆی دەبینێت.

لەو وێنانەی کە لە کاتی دووەم شەڕی جیهانەوە تائەمڕۆکە کارگەرییان لەسەر زهنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی جێهێشتووەو کاریان لەڕای گشتی کردووە بریتین لە؛ وێنەی ئەو بۆمبایەی هێرۆشیمای وێرانکرد، وێنەی بۆردومانکردنی یەکێک لەگوندەکانی ڤێتنام بەناپاڵم کە ژنێکی زامدار بەڕووتی لەنێوەندی رێگایەکدا رادەکات، وێنەی قەسابخانەی (مای لای) لەڤێتنام، وێنەی

برسییەکانی سودان لەهەشتاکانی سەدەی رابردوودا، وێنەکانی کیمیابارانی هەڵەبجەی کوردستانی باشور، بەتایبەتی وێنەی ئەو باوکەی منداڵەکەی لەباوەشە، وێنەکانی کۆڕەوە گەورەکەی ساڵی 1991 لەکوردستانی باشووردا، وێنەی شەهیدکردنی محەمەد دورەی فەلەستینی لەباوەشی باوکی بەهۆی چەکەکانی ئیسرائیل، هەر یەکێک لەو وێنانە کە کاریگەرییان جێهێشتوە یەک وێنەگر لەشوێنێکی (گونجاو)و لەساتێکی (گونجاو)دا گرتوویەتی.
ئەو گۆڤارانەی کە وێنەی سەرنجڕاکێش بڵاودەکەنەوە لەبواری راگەیاندن وجاڕداندا (ئیعلان) سوودمەند دەبن، هەروەها لەکاتی فرۆشتنی ئەو وێنانەش بەئاژانسەکانی هەواڵو رۆژنامەکانی تردا قازانجێکی زۆر لەرووی مادییەوە دەکەن، بۆیە پەیامنێری جەنگ بۆ رۆژنامەگەریی لە زۆربەی مەیدانەکانیتردا گرنگترە.
بینەرانی هەواڵەکانی تەلەفزیۆن چەندان ساڵە لەگەڵ راپۆرتە هەواڵی پەیامنێرانی بەرەکانی جەنگ راهاتوون، بۆ نموونە پەیامنێرێک وەستاوەو راپۆرتە هەواڵەکەی پێشکەش دەکات لەدواوەوی بۆردومانی تۆپی دوور هاوێژە (دووەم جەنگی کەنداو)، یاخود لەو ناوچانە دەسوڕێتەوە کە لە (دوژمنان) پاک کراوەتەوە وەک (یەکەم جەنگی یۆگسلافیا)، یان لەسەر گردۆڵکەیەک یاخود لەشوێنێک وەستاوە خەریکە شوێنەکە دادەرمێت وەک (جەنگی ئەفغانستان)، یان لەنێو ئەو تەرمانە هاتوچۆ دەکات کەلەقەراغ رێگادا کەوتوون وەک (جەنگە رەگەزپەرستیەکانی ئەفریقیا)، یاخود بەهۆی ئوتومبێلەکانی فریاکەوتن دەگاتە مەیدانەکانی جەنگ وەک لە (خاکی لەفەلەستیندا) لەزۆربەی کاتەکاندا پەیامنێری جەنگ خودە لەسەر دەکاتو جلی گوللەبڕ دەپۆشێت، بۆ چەند ساڵێکیش دەچێت لەسەر سنگو پشتی رۆژنامەنووسان نیشانەیەکی جیاکراوەوە دادەندرێتو بە لایەنە شەڕکەرەکان دەڵێت ئەمە رۆژنامەنووسەPress ،بەڵام ئەوە پێش لەوە ناگرێت کە ساڵانە چەند رۆژنامەنووسێک لەمەیدانەکانی جەنگ لەکاتی گواستنەوەی هەواڵەکانی جەنگدا نەکوژرێن.
کوژرانی پەیامنێری جەنگی رۆژنامەیەک یاخود ئێستگەیەکی رادیۆو یان تەلەفزیۆنێک (مەدالیایەکی شەرەف)ەو هۆکاری راگەیاندنەکە لەسەر سنگی دەدات، چونکە لەکارێکی رۆژنامەنووسی کوژراوەو زانیاری بۆ خوێنەران گواستۆتەوە، بەڵام سەرەڕای پێشکەوتنی دامەزراوەکانی رۆژنامەگەرییو بەشدارییکردنی ژمارەیەکی زۆر کەس لەسندوقەکانی (ئیستسماری)دا هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر بەپەیامنێرانی بەرەکانی شەڕ گۆڕیووە، ئەمەش بۆ کۆمەڵێک هۆکار دەگەڕێتەوە، لەپێش هەموو هۆکارەکاندا بەرزبوونەوەی بەهای (بوالیٚ)ی تەئمینکردنە کە کۆمپانیاکان داوای (تەئمین)ی ژیانی فەرمانبەرانی کۆمپانیا هاوبەشەکان دەکەن کە پشکیان لەبۆرسەکاندا هەیە، چونکە بەهۆی ناوبانگی زۆری پەیامنێرانی جەنگ (بەهای تەئمینکردن)ەکەی چەند بارە دەبێت، لەو حاڵەتەشدا بەهای (بولیێە)ی تەئمینکردنەکەشی چەندبارە دەبێت (بۆ ئەمە دەقی یاسایی هەیە) هەربۆیە هۆکارەکانی راگەیاندن پێش هەر کارێکیتری رۆژنامەگەریی لەناوچەکانی جەنگدا لەگەڵ کۆمپانیاکانی تەئمینکردن گفتوگۆ دەکەن، بەگوێرەی ئەو خەتەرانەی کە رۆژنامەنووسەکە رووبەڕوی دەبێتەوە.
هەندێک لەهۆکارەکانی راگەیاندن بەهۆی پەیامنێری دوو لایەنە (مزدوج)ی جەنگییەوە هەواڵەکانیان دەگەیەنن، وەک پەیامنێرێکی جەنگی کەسنەناس (مغمور) بۆ بەرەکانی جەنگ دەنێرێت تا ریپۆرتاژی وێنەییو هەواڵی سەرەتایی بنێرێتەوە یاخود پشت بەراپۆرتو ئاژانسەکانی هەواڵ دەبەستێت، لەقۆناغی دووەمدا (پەیامنێرێکی بەناوبانگ) لەپایتەخت یاخود

ناوچەیەکی دوور لەناوچەکانی جەنگ هەواڵەکە دەنێرێتەوە، کەلەو حاڵەتەدا گۆڕانکاری لەکرێی تەئمینکردنەکە روودەدات.

بینەران لەرپپۆرتاژەکانی تەلەفزیۆندا زانیاریان سەبارەت بەئەودیوی ئیشکردنی ریپۆرتاژەکان نییە، بەڵام زۆر جار بەپەیامنێرێک سەرسام دەبن کە ریپۆرتاژەکەی لەپایتەختی وڵاتێک یاخود لەبەردەمی ساختمانی وڵاتێک پێشکەش دەکات، بەڵام ئەو وێنانەی کە لە لەگەڵ ریپۆرتاژەکەدا بڵاو دەکرێنەوە پەیوەندییان بەشوێنی پەیامنێرەکەوە نییە، دیارە ئەو جیاوازییە تەنیا پسپۆران هەستی پێدەکەن، هۆکاری جیاوازییەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەزگاکانی راگەیاندن (فرتو فێڵ) ناکەنو بڵێن پەیامنێرەکەمان لەو شوێنەیە کەلە هەقیقەتدا لەوێ نەبێت ئەمەش پەیوەندی بەڕاستگۆییەوە هەیە.

پاش کوژرانی یەکەم رۆژنامەنووس لە (جەنگێکی رانەگەیەنراو)دا ژمارەی رۆژنامەنوسانی ئازاد Free lance بۆ تەغتیەی کارەکانی رۆژنامەنووسی لەعیراقدا زیادی کردووە بەتایبەتی پاش ئەوەی کە ئەگەری لێدانی عیراق لەلایەن ئەمریکاوە روو لەزیاد بوونە، لەم رووەوە کارمەندێک لەیەکێک لەنوسینگەکانی (دامەزراندن)ی رۆژنامەنووسان لە ئەوروپادا دەڵێت، پێش کوژرانی پەیامنێری تەلەفزیۆنی فەرەنسی (پاتریک بورا) لەبیابانی کوێتدا دەزگاکانی راگەیاندن زیاتر گرێبەست (عقد)یان لەگەڵ پەیامنێرانی (پلە دوو)دا دەکرد بۆ گواستنەوەی رووداوەکان، بەڵام ئێستا کاری گرێبەستەکان گۆڕاون.

هەروەها لەچوارچێوەی هەمان رووداودا ئێستا کۆمەڵێک ژنی رۆژنامەنووس ئامادەن لەڕێگای چەند دەزگایەکی راگەیاندنی رۆژئاواوە بچنە ناوچەی کەنداو بۆ گواستنەوەی هەواڵەکانی جەنگی چاوەڕوانکراو لەعیراقدا.

دەکرێت لەپاڵ ئەم نووسینەدا پرسیارێک لەدەزگاکانی راگەیاندنی هەرێمی کوردستاندا بکرێت، کەئەمڕۆ وا ناوچەکە لەجەنگێکی چاوەڕوانکراو نزیک دەبێتەوە ئایا چ ئامادەباشییەک لەو دەزگایانەدا کراوە؟ چونکە مەعقول نییە جەنگ لەماڵەکەت نزیک بێت بچیت لەوڵاتو دەزگایەکی زۆر دوورتر لەماڵەکەت هەواڵێکی سارد وەربگریتو بڵاوی بکەیتەوە!؟

بۆ نموونە جەنگ لەموسڵو کەرکوکو تکریتو دیالە بێت هەواڵی جەنگەکە لەتەلەفزیۆنێکی زۆر دوورتر لەخۆمان وەربگرین، من دەزانمو ئاگادارم هەردوو حزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان لەزۆربەی سنفەکاندا (ئیدارە، وەرگێر، تەندروستی، پێشمەرگە) خەڵک ناونووس دەکەن بۆ دەورەی خۆسازدان بەیارمەتی ئەمریکا ئێ با ئەو لیستانە چەندان رۆژنامەنووسی ئازاو زیرەک شارەزاشی تێدا بێت، تا گەرماو گەرم هەواڵەکان بەدەزگاکانی راگەیاندن بدەن.

سەرنج: ئەم نوسینە لەبابەتێک بەناوی (المراسل الحربي على خگ النار) لەنووسینی (بسام خالد) ئامادەکراوە کەلەژمارە (571)ی رۆژی2003/1/6 لە (ئەلوەسەت)ی لەندەنی بڵاوبۆتەوە ئەلوەسەت پاشکۆی رۆژنامەی ئەلحەیاتە ،لەم نووسینەدا ئەوەی پێوەندی بەرووداوەکانی (هەڵەبجەو کۆڕەو)و ئەو پێشنیارەی کۆتایی نووسینەکە هەیە من تێهەڵکێشم کردووەو پێوەندی بەدەقی ناوبراوەوە نییە.

**ڕۆژنامەی جەنگ**
**جەنگی ڕۆژنامە**

ڕۆژنامە پانتاییەکە بەسەر کۆمەڵێک گۆشەو ستووندا دابەشکراوەو وەک ئەرکێکو ڕووبەڕووی کارکردن پرسیاری ڕووداوەکان قەتیس دەکاتو لەسەر هێڵێکی هونەرکاری هەواڵ چیً دەکات، هەواڵ بەهۆی سیً ئامێری کایە ئاسا بەخەڵک دەگەیێنرێت، ڕۆژگاری شۆڕشی زانیارییەکان ئەو سیً ئامێرەی کۆکردۆتەوە، واتە ئەمڕۆ دەتوانرێت بەهۆی بوونی هێڵێکی ئینتەرنێتەوە ڕۆژنامەی خوێندراو و ڕۆژنامەی بینراو و ڕۆژنامەی بیستراو بخوێندرێتەوەو سەیربکرێتو گوێی لێبگیرێت، بەڵام ئەو تەکنەلۆژیایە تا ئێستا نەیتوانیوە لەهێزی هەریەکێکیان کەم بکاتەوە، ئێمە زیاتر مەبەستمان لەوەڵامی ئەو پرسیارانەیە کە لە داڕشتنی هەواڵ، یان ڕیپۆرتاژ، یاخود لە وتاردا گەڵاڵە دەکرێن، بۆ نموونەو بەتایبەتیش لە ڕۆژگارێک ماکینەکانی جەنگ چاوەڕێی ئیمزای سەرکردەکان دەکەن بۆ لەناوبردنی چەکە کۆکوژەکانی وڵاتێک کە مەترسی دروستکردووەو خودی ڕژێمی دسەڵاتدارەکەش خاوەنی دۆکۆمێنتێکی گەورەی تاوانو تاوانکارییە هەم بۆ نەتەوەکانی وڵاتەکەی هەم بۆ ناوچەو دەوروبەرەکەی، ئایا لە کاتی ڕژانی مەرەکەبی ئیمزای دەستپێکردنی جەنگەکە ڕۆژنامەگەری چۆن ڕاوی هەواڵ دەکات.
ئایا لەحاڵەتەکانی ڕوودانی جەنگدا ڕۆژنامەی کوردی سەرچاوەکانی هەواڵی چیو کێن؟ ئایا پێویستە ڕۆژنامەیەک پێشکەش بکرێت، خاسیەتەکانی ڕۆژنامەی جەنگی هەڵگرتبێت؟ ڕێکخستنی لاپەڕەکان بگۆڕدرێن، یاخود کلێشە کۆنەکان بمێننەوە؟ زمانو سیاسەتی کارکردنەکە ڕوو لەچ ڕەوەندێک بکات؟ ڕۆژنامەکان لەسەر چ پرانسیپێک بجەنگن، واتە چۆنو بۆچی ململانیً بکەن، ئایا کاتی داخستنی ڕۆژنامەو بەگشتی لاپەڕەکان پێویستە بگۆڕدریبَن؟ ئەو حاڵەتە هیچ کاریگەریەکی لەسەر پرۆسەی بڵاوکردنەوەو پەخشو دابەشکردنی ڕۆژنامەکە هەیە؟ ئەی سەبەق چۆن کەسێتی خۆی بەیان دەکات؟ ئەمانە کۆمەڵێک پرسیارن لەحاڵەتی جەنگێکی لەو جۆرەدا ڕووبەڕووی ڕاگەیاندنی کوردیی دەبنەوە،وەڵامەکان لەو سۆنگەیەوە کاری لەسەر دەکرێت، ئایا ڕای گشتی کوردی چۆنو بەچ شێوەو داڕشتنێکەوە هەواڵەکانی پێدەگەینرێت!؟ لەهەمووی حەساستر ئەوەیە چۆن وردترینو گەرمترین هەواڵی ئەو جەنگە ڕۆژانەو بەردەوام بەخوێنەرانی کورد دەگەیەنرێت، ئەمەو بێجگە لەو ڕیپۆرتاژو وتارانەی بابەتەکانیان تایبەتو بەشێکن لەجەنگەکەو بڵاودەکرێنەوە.
لەم چەند دێڕەدا گەرەکمە ئەو هەقیقەتە دووبارە بکەمەوە، کە ڕۆژنامەی ڕۆژانە پێناسەی تەواو بەڕۆژنامەو هەواڵ دەدات، مۆدێلی هەفتانەو دە ڕۆژ جارێکو نیومانگیو مانگانە، کەلەکوردستاندا ناویان لێنراون ڕۆژنامە،دیارە وەک بواری زانستی ڕۆژنامەمەگەریو لایەنی تیۆری ئەو جۆرە کارانە ناچنە خانەی ڕۆژنامە، بەڵام لەبەرئەوەی ڕۆژنامەی کوردی ئەمڕۆ ڕۆژنامەیەکی حزبییەو ڕۆژنامەی حزبیش کێڵگەیەکی مینرێژی بۆ دروستکردوەو لەرووبەرێکی زۆر بەرتەسکدا کار دەکاتو بابەتە گەرمەکانی لیً حەرامکراوە هەر بۆیە هەفتەنامە و نیومانگی و مانگانەکان کە لەشێوەی قەبارە تابلۆیدی ڕۆژنامەیی دەردەچن بەبڵاوکردنەوەی ئەو بابەتە حەرامکراوانە گرەوی ڕێژەیەکی باشی خوێنەرانیان بۆ خۆیان گلداوەتەوە، سەرەڕای بەسەرچوونو دواکەوتنی مێژووی ڕووداوەکان خوێنەران وەک هەواڵی گەرم وەریان دەگرن، لەو ڕووەوە پیرۆزباییو دەستخۆشیان لێدەکەین، بەڵام ئێمە لەجەنگێک دەدوێین کە ڕووداوی چرکەیی فریً دەدا، تەنیا جیهازێکی ڕۆژانەی بێدار کە لەسەر سیستەمێکی ورد کاربکات بە ڕووداوەکان

دەگاتو دەتوانێت لەخەڵک دانەبڕێت، ئەو ئامێرە تا بە ئەمڕۆش دەگات حزبەکان لێی دەخوڕنو دەتوانن کاری لەسەر بکەن، ئینجا ئاساییە ئەو پرسیارانەی کە لەپەرەگرافی رابردوودا خستمانە روو بەپلەی یەکەم پێوەندی بەدەزگای راگەیاندنی حزبەکانەوە هەبێتو رۆژنامەو کەناڵەکانی تریش دەتوانن سوودیان لێببینن.

هەر وەکو لەوتارێکی تری پێش ئەم وتارەدا وتمان، پێویستە رۆژنامەکانمان خۆیان بۆ ئەگەرەکانی شەڕی چاوەڕوانکراوی عیراق ئامادە بکەن لە وێ لەڕۆڵی پەیامنێر دواین، چۆن لەبەرەکانی جەنگدا تازەترین رووداوی جەنگ بەرۆژنامەکەی دەدات، لەم وتارەشدا بوونی پەیامنێر لەبەرەکانی جەنگ بەکارێکی زیندووی ئەو پرۆسێسە دەزانرێتو دەبێتە سەرچاوەیەکی چالاکی دەستکەوتنی هەواڵ، ئەگەر نەتوانرێت پەیامنێر لەبەرەکانی جەنگ ببێتە هەواڵنێرو رۆژنامەکان لەشوێنی رووداوەکاندا پەیامنێریان نەبوو؟ کەواتە ئایا رۆژنامەکانمان گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی لەگەڵ ئاژانسە گەورەکانی هەواڵ لەدنیادا بۆ وەرگرتنی تازەترین هەواڵ رێکبکەونو پەیمان مۆربکەن؟ بەتایبەتی ئەو دام دەزگایانەی کەپەیامنێرو هەواڵنێریان لەشوێنی رووداوەکاندا هەیە، چارەسەری تریش هەیە ئەویش رێککەوتنە لەگەڵ ئەو پەیامنێرانەی ئازادو مۆڵەتدراون کە هەواڵ دەفرۆشنەوە، واتە لەگەڵ ئاژانسێک رێککەوتووە کە بۆ بەرەکانی جەنگ دەینێرێتوباج بەئاژانسەکە دەدات، لەبری ئەوە خۆیان تەسەروف بەهەواڵو راپۆرتە هەواڵو چالاکییەکان بکەن،رۆژنامەی کوردی بۆ وەرگرتنی هەواڵ پشتی بە سەرچاوەی لەوجۆرە نەبەستووەو فێر نەبووەو فێریش نەکراوە کە هەواڵو وتار بکڕێت.

ئەی چارەسەر چییە؟ لەم حاڵەتەدا ئێمە دوو رێگا بەچارەسەری هەنووکەیی دەزانین،بۆ رۆژنامەی خوێندراو،لە رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) دەدوێم ،ئەو کاتەی ئێستا کاری لەسەر دەکات بۆ داخستنی لاپەڕەکانی پێویستە درێژتری بکاتەوە هەر هیچ نەبێت یەک دوو لاپەڕە تا چواری بەیانی دانەخات تا زۆربەی رۆژنامە گەورەکانی دنیا دێنە ناو ئەنتەرنێتو چاوێکیان پیابخشێنرێتو بزانرێت دوا هەواڵی جەنگ چییە ئایا لەچ روویەکەوە لەگەڵ هەواڵەکەی ئەوان جیاوازی هەیە تا دەستکاری بکرێت،هەروەها هەوڵبدرێت لەحاڵەتی شکاندنی چاپخانە، چاپخانەی یەدەگ ئامادە کرابێت، دەتوانرێت رۆژنامەنووسو کارمەندانی رۆژنامەکە بەسەر دوو گرووپدا دابەش بکرێت (شەوو رۆژ) واتە بیستوچوار سەعات دەوام هەبێت، دووەم، سەرچاوەی گەرمی هەواڵ ،کەناڵە حەساسو سەرچاوەی بڕیاری حزبە کە حەتمەن وردەکارییەکانی جەنگییان لەوڵاتە زلهێزەکانەوە راستەوخۆ پێدەکات،هەروەها نابێت کۆمەڵێک کەناڵی رادیۆیی‌و تەلەفزیۆنی و ماڵپەڕی ئەنتەرنێتی جیهانی هەن.

ئەگەر هەواڵەکان وەرگیران چۆن مامەڵەیان لەگەڵ بکرێتو دابرێژرێنەوە، ئێمە لەم بارەدا پێمان گونجاوترو شیاوترە سەرەڕای لەبەرچاوگرتنی کێشەی نەتەوەکەمان وەک هەقیقەتەکانی هەواڵی جەنگێک وەریانبگرین هەم بۆ گۆڕینی دەسەڵاتێک تا سەر ئێسقان تاوانبارەو تاوانی گەورەی بەرامبەر بە گەلەکەمان جێبەجێکردووە ئەمە لایەکی هەواڵەکەیە، لایەکی تر کە جەنگێکەو ئەمریکا سەرکردایەتی دەکات لەو رووەوە بەناوهێنانی سەرچاوەکان دەقاودەقو دێڕو رستە یاخود پەرەگرافەکان وەک بیروڕای خۆیان بگوازینەوە، چونکە هەقیقەتێک بۆ وەزعی کوردستان هەیە کە بەرچاو روونیو بەرنامەیەک بەرامبەر بەئێمە نییەو رانەگەیەنراوە، هەر سەبارەت بەو لایەنە حەساسە، ئەگەر رۆژانە سەروتار یان وتەی رۆژنامەکە هەبێت، ئەمە هەمووی لەم رستەیەدا کۆدەکەینەوە؛ لەو حاڵەتەدا نیگای حزبیانە بۆ خوێنەران لەوە دەچێت کورتبینانە سەیر بکرێت بەتایبەتی ئەگەر سیاسەتێکی شەفافی مەکشوف نەبێت، چونکە ئەگەر رووبەڕو پانتایی

رۆژنامەکەمان بەجلوبەرگێکی تر گۆڕییەوەو بە بابەتو کەرەسەیەکی جیاوازتر خوێنەرمان کۆکردەوەو شەقاممان وروژاند، خەڵک هەقی خۆیەتی یەکەم: داوای دواهەواڵی جەنگ بکات، دووەم: حیساب بۆ هەموو وشەو رستەو خاڵێک بکات، سێیەم:بەیانکردنی هەڵوێست، ئەمانە هەمووی ئەرکی تازەن لەکاتی جەنگدا رووبەڕووی رۆژنامە دەبنەوە، بۆ نموونە ماوەیەکە هەندێک لەڕۆژنامەکانی ئەمریکاو بەریتانیا حبری نوسینەکانیان لەسەر عیراق بەرداوەتەوەو هەڵوێستی هاوبەرەیی خۆیان لە تەک گوتاری وڵاتەکانیان هاوگوف کردووە (گونجاندووە) لەولاوەش رۆژنامەکانی بەغدا جەنگی خۆیان راگەیاندووە، لێرەدا پرسیارێک هاتۆتە پێشەوە ئایا رۆژنامەکان هانی سەرکردەکان دەدەن ئیعلانی جەنگ بکەن؟ یان سەرکردەکان جارێک بەو شێوەیە هانا بۆ رۆژنامەنووسان دەبەن تا مەکینەی پڕوپاگەندە بخەنە گەڕ!؟

ئەمانە ئەگەر پێوەندییان بە داڕشتنو چنینی پرسیارەکانی هەواڵو کارکردن بێت لەژوورەکانی عەمەلەیاتی رۆژنامەدا لە کاتی روودانی جەنگدا،هەروەها پێویستە فۆرمو هونەرکاری لاپەڕەکان زەحفیان پێبکرێتو هەوڵبدرێت رۆژنامەکە بەردەوام زۆربەی لاپەڕەکانی تایبەت بێت بەرووداى جەنگەکە، بەپلەی یەکەم گرنگی بەهەواڵو راپۆرتە هەواڵو بەلاغی جەنگو قسەکەری وڵاتە زلهێزەکان بدات، سەرەڕای بۆچوونوهەڵوێستی کورد، ئەمەش بەلاپەڕەیەکو دوان، سێو چوارتەواو نابێت، حەتمەن کلێشەو دابەشبوونی ئێستای لاپەڕەی رۆژنامەکان هەمووی گۆڕانکاریی بە سەردادێت، وەک دەزانرێت بۆ ئەو جۆرە رووداوو گۆڕانکارییانە ئەوەی هاوشانی نووسین گرنگە بوونی وێنەیە، لەم رووەوە قەبارەو جۆرو شوێنو شێوەو تازەیی وێنەکان رۆڵ دەبینن، بۆ نموونە دەکرێت وێنە لەسەر ستوونێکی (4×4سم)دابندرێت،یاخود دەکرێت گەورەو زۆر گەورەتربێت بەگوێرەی بابەت، جۆر؛ مەرج نییە جۆری وێنەکە لەگەڵ بابەتێک دابنرێت کەلەگەڵ ناوەڕۆکەکەی بگونجێت، کە وێنەکە لەنێو چوارچێوە دانراوو تەعلیقێکی بۆ نووسراو دەبێتە بابەتێکی سەربەخۆ؛ ئاساییە وێنەیەکی کاریگەرو وروژێنەر لە جێگای هەواڵێکی حزب دابندرێت ، باشترە گۆشە دیارو روونەکانی وێنە وەربگیرێت، تازەیی هێزێکی گەورە بەوێنەکەو خاسیەتەکانی دەدات، ئەوەی بۆ وێنە لەرۆژنامەگەریی کوردیدا زۆر سەرنجی راکێشاوم ژمارەکانی رۆژنامەی (رۆژانوو)وگۆڤاری (روناهی)یە کەلەکاتی گەرمەی دووەم جەنگی جیهانی لەلایەن کامەران بەدرخانو جەلادەت بەدرخان دەرچوونەو فەزایەکی شیاو و گونجاو و جوانییان بە بڵاوکردنەوەی وێنەکانی جەنگ داوەو تائێستاش دەوڵەمەندترین رۆژنامەو گۆڤارن لەبواری بڵاوکرنەوەی وێنەو هەواڵەکانی جەنگدا.

لەو نێوەندەدا پێویستە رۆژنامەکان ئەو ئەرکو بزاڤەیان لەبەرچاو بێت کەدەتوانن رەوەندی بڕیاری حزبەکان بەرامبەر هەر حاڵەتێک لەحاڵەتەکانی ژیان بەرەو ئاقارێکیتر ببەن، بەتایبەتی ئەگەر لەڕووی نێگەتیڤو پۆزەتیڤەوە خوێندنەوەیەکی تەندروست بۆ ئەو بابەتانە بکرێت کە رۆژنامەو دەزگاکانی راگەیاندن لەزەمەنێکی تایبەتی جەنگدا رۆژانە بڵاویان دەکەنەوە،یاخود ئەگەر هەر تەنیا سەیری هەواڵەکان بکرێت.

خاڵێکی تر ماوە، کە دەکرێت لەدوو توێی ئەم بابەتە بخرێتە روو،ئایا رۆژنامەی جەنگ چۆن مامەڵە لەگەڵ سەبەق دەکاتو رەهەندەکانی لەبەرچاو دەگرێت،سەبەق خوێنی رۆژنامەیە جا ئەگەر رۆژنامە لەزەمەنی جەنگدا بێت،ئەوە راوکردنی هەواڵی گەرمو نوێ رۆژنامەکە دەخاتە سەنگی مەحەکی بازاڕو رای گشتی، هەر سەبەقیشە بازاڕی رۆژنامە بەهەڕمێنتر دەکاتو کار لەشەقامی ئەو پنتانە دەکات، کە رۆژنامەکەی تیایە بڵاو دەکرێتەوە، هەر سەبەقیشە ململانێ لەنێو بازاڕو پانتایی خوێندنەوەی رۆژنامەکان دروست دەکات.

دەتوانین لەكۆتاییدا زۆربەی رستەكان لەیەک دوو رستەدا پوخت بكەینەوە، رۆژنامەی جەنگ زروفێكی تایبەت لەماوەیەكی دیاریكراودا دروستی دەكاتو ئاساییە لەو كاتەدا سەبەق بازاڕێكیتر بۆ رۆژنامەكە دروست بكات ،هەروەها خاسیەتی جەنگو جەنگاوەر بە رۆژنامەكەو رۆژنامەنووسەكانی بدرێت.

**دەزگاكانی راگەیاندن لەنێوان**
**هەڵگیرسانی جەنگو گواستنەوەی هەواڵدا**

ناتوانرێت دەزگاكانی راگەیاندن بەهەڵگیرسێنەری جەنگ تاوانبار بكرێت، راگەیاندن بەهەموو كەناڵەكانییەوە ئامێری گەیاندنی زانیارییە لەنێوان سەرچاوەو خەڵكدا، رۆژنامەو راگەیاندن تا بەكەناڵە ئاسمانییەكانش دەگات پلانی هەڵگیرسانی جەنگو بڕینی سنوورو داگیركردنی وڵاتانیان پێ نییە، تاڕۆڵی ئامادەباشیشیان نییە،بەڵكو ئەمە ئەركی (كاری) سوپاو سەركردایەتی سیاسییە لەمەیدانەكانی ململانێدا، كارو ئەركی راگەیاندن بریتییە لەگواستنەوەی هەواڵو پێشەشكردنی ناوەڕۆكی رووداوەكانی جەنگی چاوەڕوانكراو، هەندێک جاریش نەخشەی سیناریۆی جەنگ دەكێشێت گریمانەش سەبارەت بەمەیدانی جەنگو پشتی پەردەی گفتوگۆكان پێشكەش دەكات.
وا رووداوە كە دەزگای راگەیاندن لەبەرەكانی جەنگدا رۆڵی لەپێشینەی ململانێكانی هەبێتو هەوڵبدات لەئاڕاستەكانی رای گشتی نزیک بكاتەوە، ئەمەش زیاتر دەوەستێتە سەر گەمەكردن بەهەستی نیشتمانی یان توندكردنی بەرژەوەندی راستەوخۆی ئابووری یاخود سیاسیی رایگشتی كە سەرمایەكەی پێک دێنن، بەڵام ئەم دیاردەیە بەرتەسكەو لەرۆژگاری ئەمڕۆی جیهانگیریدا كارێكی زەحمەتە، تا ئەگەر بەرچاویش بكەوێت دەتوانرێت لە (بیروڕا) (تەعلیقات)، یاخود (وتەی نووسەران)دا دەست نیشان بكرێن.
لەم رووەوە ئەگەر ئەمڕۆ سەیری دەزگاكانی راگەیاندنی جیهان بكەین، دەبینین بابەتی جەنگ كە ئەمریكا عیراقی پێ هەڕەشە دەكات،كە لاپەڕەكانی رۆژنامەی نووسراوو شاشەكانی تەلەفزیۆنو رادیۆكانی داپۆشیووە.
بەڵام تائێستا لەدەرەنجامی ئەمانەدا جەنگێک رانەگەیەنراوە، سەرەڕای تەسریحەكانی لێپرسراوانی ئەمریكا كە داوای رزگار بوون دەكەن لەرژێمی سەدام حوسێن، سەرۆكی ئەمریكا جۆرج دەبلیو بوشو لێپرسراوانیتر لەناوەندەكانی بڕیاری ئەمریكادا كاتی جەنگی سەر عیراقییان رانەگەیاندووە،بەڵام راشكاوانە رایانگەیاندووە جەنگ واقیعێكەو دەربازبوونی بۆ نییە.
رۆژنامەگەریی لەنێو ئاووهەوای جەنگێكی چاوەڕوانكراو دەژیت، لێكدانەوەو راپۆرتەكانی رۆژنامەو كەناڵەكانی تەلەفزیۆن لەوە دەرچوونە ئایا جەنگ روودەدات یان نا بەڵكو لەژێر واقیعێک دەژین ئایا كەی جەنگەكە دەست پێدەكات.
لێرەدا پرسیار لەسەرچاوەی بەیەكگەیشتنەكە دەكرێت، كە پەیوەندی بە (بزاڤی زانیارییە سەرەكیەكەوە) هەیە واتە (جەنگەكە) كە داینەمۆی (یەكەم)ی هۆكارەكانی راگەیاندنە، بەو شێوەیەی كە دەیبینینو گوێ بیستی دەبینو دەیخوێنینەوە، گەڕانیش (بەشێوەی تیۆری سەرەكی) لەسەرچاوەی بزاڤی بەیەكگەیشتنەكەدا، بەیەكەم سەرچاوەی زانیارییەكە بەندەو زانیارییەكانی

تیایدا کەڵەکە دەبێت دەبنە سەرچاوەیەک بۆ لێکدانەوەو ئەو پێشبینینانەی کەدەرەنجامی (جەنگ واقیعێکە دەربازبوونی بۆ نییە) دەیداتە دەست.
بەگەڕانەوەمان بۆ دەوروبەری هەواڵەکانی جەنگی ڕانەگەیەنراوی سەر عیراق، سەرەڕای دیارنەبوونی یەکەم سەرچاوەی زانیاری کە یەکەم بزاڤی هەواڵەکەیە وادەبینرێت دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەحاڵەتی جەنگدا دەژین، خوێنەرانو بینەرانو گوێگرانیش وەک ئەوە وایە لە چاوەڕوانی جەنگێک مەلە بکەن کە هەر ڕوودەدات، ئەمە بەرەو دەرئەنجامێکی ترسناک دەمانبات کە ڕاگەیاندن ڕێگای لۆژیکی جەنگ خۆش دەکات یاخود بەشێوەیەکی بەهێز بەشداری لە جەنگێکی مومکیندا دەکات، لەنێوان ئەم قسەیەو قسەی ڕاگەیاندن هۆکاری جەنگەکە دوورییەکی کەم هەیەو دوودڵی بڕاوەتەوە، سەرەڕای ئەوەی کە وەک زانستی گەیاندنو چەمکی ڕاگەیاندن (لەڕابردوو و ئێستادا) بەیانی کردووە، ناتوانرێت زانیارییەکان لەسەرچاوەیەک لەو سەرچاوانە بۆ خوێنەران بگوازرێنەوە، کە ڕووداو یان هەواڵیان لێ چێ دەکرێت.
لێرەوە گرنگی زانینی سەرچاوەی یەکەم بۆ زانیارییەکان (تەنیا تیۆرە)و خۆی لەحاڵەتی ئامادەباشی، یان ناردنی چەکو جبەخانە بۆ مەیدانەکانی جەنگ دەگەیەنێت، بەڵام سەرچاوەی یەکەم ساڵانێکە کارەکەی سەخت بووە، چونکە زانیارییەکان لە (سەرچاوە باوەڕپێکراو) و (دەزگا سیخوڕییەکان)و (سەرچاوە تایبەتەکان کە لەناوەندەکانی بڕیار نزیکن) دەست دەکەون، بڕینو گەیشتن بەو دەزگاو ناوەندانە لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا کارێکی زەحمەتە، بەڵام ڕاگەیاندن نابێت دەستەو دامێن بوەستێت، پێویستە بزانێت کێ لەپشت یەکەم پریشکی زانیارییەکانە، بە تایبەتی لەحاڵەتێکی وەک عیراقدا هەروەها دەتوانرێت ئیش لەسەر هەندێک کاروباری ناوخۆ بکرێت، وەک ئەو جەنگە بۆ گیانی ئەمریکاو خەڵکیتر ترسناکەو کار لەهاوسەنگی سیاسی سەربازی لەجیهاندا دەکات.
حەقیقەتێک هەیە، ئەویش ئەوەیە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەک لە باری سیاسیو سەربازی تا لەسەرچاوەی گەیاندنو ڕاگەیاندنیشدا دەتوانێت جەنگێکی ڕاگەیاندنی داخراو دروست بکات، چونکە ئەمریکا پێویستی بەو حاڵە هەیە تا سیاسەتەکانی خۆی لەحاڵەتێکی وەک عیراقداجێبەجێ بکات، بۆ نموونە بۆ ناوخۆی ئەمریکا پێویستە دەسەڵاتدارانی ئەمریکا پاساوییان ئامادە بێت نەک زەرەرێکی گیانی گەورە بکەن، ئەمەو بێجگە لەمەسروفە زۆرو زەوەندەکانی جەنگەکە، ئەمە لەلایەک لەلایەکی ترەوە ئاڕاستەی کاری پێکەوەیی لەگەڵ هاوپەیمانەکانیدا بە لەبەرچاوگرتنی سیاسەتی وڵاتانی بێلایەن لەململانێکەدا، لەتەوەرێکیتردا سیاسەتی ئاڕاستەکراوی بۆ وڵاتانی (دوژمن) وەک جۆرج دەبلیو بوش دەستەواژەی (میحوەری جەنگ)ی بۆ بەکارهێناون، ئەمانەش دابەشبوونو بەشی تری لێدەکەوێتەوە وەک مامەڵەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ پارێزگارانی مافەکانی مرۆڤو ڕێکخراوە ناحکومییە ئەکتیڤەکان لەکۆمەڵگای ئەمریکیدا جیاوازە لەو مامەڵەیەی کەلەگەڵ ناوەندەکانی ڕاستڕەوی توند بۆ بەکارهێنانی هێز بۆ چارەسەرکردنی ململانێکان، ئەو جۆرە کارو کارکردنە دەتوانرێت زیاتر وردبکرێتەوە، ئایا سیاسەتی ڕاگەیاندن لەگەڵ هاوپەیمانان چۆن بەڕێوەبچێت هاوسەنگییەکانی ناوخۆش چۆن لەبەرچاو دەگیرێت؟ سەرەڕای (جۆرو جیاواز)ی هاوپەیمانان ئەمانە هەر هەموویان پێوەندییان بە ڕازیکردنی ڕایگشتی هەیە، هەروەها پرۆسێسی گەیاندن لەڕاگەیاندندا بەرامبەر بەوڵاتانی بەحیساب (خانەی دوژمنان) پرۆسیسێکی ئاسان نییە، بەڵام وا وەدەرکەوت کە ئەمریکا دەتوانێت هەموو تاڵەکانی دنیا بژەنێتو بەئارەزووی خۆی مامەڵە بە بزاڤەکە بکات.

نموونە بۆ پراکتیزەکردنی راگەیاندنی ئەمریکا لەرۆژگاری ئەمڕۆدا گەلێک زۆرەو دەتوانرێت هەر لەوتار و چاوپێکەوتنەکانی بۆشی کوڕو ناوەندەکانی بڕیاری ئەمریکا رۆژانە وردبوونەوە و خوێندنەوەی بۆ بکرێتو ئاڕاستەی سیاسەتەکانیان کاریان لەسەر بکرێت، وەک رووداوو پرسیارەکانی هەواڵیان بۆ ریزبەند بکرێن،وەک ئایا هەواڵێکی ئاسایی بڵاوبکرێنەوە، یاخود وتار و لێکدانەوەی سیاسییان بۆ بنووسرێت، بەڵام لە هەمووی گرنگتر تائێستا ئەو ناوەندانە گەمە بەسەعاتی سفری جەنگەکە دەکەنو راگەیاندنیش نەیتوانیووە بازنەو دیواری ئەو سەرچاوەیە ببڕێت.

ئەگەر لەپێودانگی ئەو رستانەی پێشەوە لەڕۆژنامەگەریی کوردی بدوێین لەو رووەوە، رۆژنامەیەکی هەژارە کە نەک هەر ناتوانێت ببێتە هۆکارێکی هەڵگیرساندنی ئەو جەنگە، بەڵکو تا بۆ دەست کەوتنی هەواڵێکی ئاسایش ئەرکو ماندووبوونێکی زۆر دەبینێت، رۆژنامەی کوردی دەرگای سەرچاوەکانی زانیاری ناوخۆیشی لێداخراوە، ئینجا چ جای بگاتە یەکەم سەرچاوەی هەواڵی هەڵگیرساندنی جەنگەکە تا زانیاری وەربگرێتو رایگشتی بۆخۆی کۆبکاتەوە، رۆژنامەی کوردی لە رۆژگاریی ئەمڕۆدا تا لەڕووی لێکدانەوەو خوێندنەوەو بەدواداچوونیش بۆ وتاری سەنتەرەکانی بڕیاری دنیا کە وەک پێشینەیەک بۆ جەنگەکەی دەکەن لاواز و هەژارە، چونکە لەدەزگا حزبییەکانی سەرەوە سەرەقەڵەمی پێنادرێتو رۆژانە سیاسەتی رۆژی بۆ نایەتە خوارەوە، لەم رووەوە لەوە دەچێت تائاستێک ناوەندەکانی بڕیاری حزب ئەوەندە تاوانی نەبێت چونکە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بەگۆڕانکارییەکە سیاسەتێکی مەکشوف نییەو دەبینین ئەمریکا لەماوەی دوو مانگی رابردوودا کۆمەڵێک گوتاری فڕێداوە، کە خوێندنەوەی جۆراوجۆرو جیاوازو دژبەیەک هەڵدەگرن.

ئەی کەواتە رۆژنامەگەریی کوردی کام دەستەواژەو شێواز بەگونجاو بزانێت؟ ئێمە وای بۆ دەچین کە پێویستە وەک هەواڵێکی ئیبرازکار لە سەر رای شەقامی کوردی بکرێت لەوە باشترە کە چاوەڕێی یەکەم قسەی سەرچاوەی یەکەمی زانیارییەکانی جەنگەکە بکەین، چونکە ئەو شەقامە کارتێکی بەهێزو چارەنووسسازە بەرامبەر بە بچووککردنەوەی کێشەی نەتەوەکەمان لەنێو گەمەی کارتی بەرژەوەندیکاراندا.

**سەرنج**: بۆ ناوەرۆکی یەک لەسەر دووی ئەم بابەتانە سوود لەبابەتێکی (بسام خالد ) وەرگیراوە، کەلەژمارە (552)ی ئابی 2002ی بڵاوکراوەی (ئەلوەسەت) وەرگیراوە، کە هەفتانە رۆژنامەی (الحیاە)ی لەندەنی دەریدەکات

**رۆژنامەی ئەمریکی، رۆژنامەی کوردی**
**ئاڕاستەی ئیشکردن**

مێژووی دامەزراندنو بڵاوکردنەوەی رۆژنامە لەئەمریکای باکوور بۆ زیاتر لەسێ سەد ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، قۆناغە هەرە دیارەکانی بریتییە لەدەستپێکو گەشەو ناساندنو بەرگریکردن هێرشکردن، سەرەتای ئەو مێژووە زیاتر بەند بووە بەبازرگانیکردنو قازانج، بەڵام وەنەبێت بواری سیاسەتو ئابووریو لایەنەکانی تری ژیانی فەرامۆش کردبێت، هەر ئەو رۆژنامەیە بەهەناسەو ئاڕاستەیەکیتر کاریکردو بووە رێگاخۆشکەرو بڵندگۆیەک بۆ جەنگی

سەربەخۆیی ئەمریکا 1775–1783 لەم سەردەمەدا زمانی حزبو هەڵوێستی حزبییانە بە وتارو نووسینەکانەوە دیارە، بەتایبەتی لە سەروتارەکانیاندا، لەماوەی جەنگی سەربەخۆییدا رۆژنامەی ئەمریکی باشتر پێشکەوت وەک هەر پرۆژەیەکی پیشەسازی کاری لەسەر کراوو قازانجکردن بووە بەرنامەی لەپێشینەی کارەکانییان، دوای شۆڕشی فەرەنسیش، رۆژنامەی ئەمریکی بۆ ئەم دوو ئامانجە تێکۆشاوە؛ قازانجو بەرگریکردن لەسەرمایەداریو ئیمپریالییەت، هەوەها نابێت ئەوەش لەبیر بکەین کە مۆنۆپۆلکردنی رۆژنامە خاسیەتێکی دیارو فراوانی مێژووی رۆژنامەگەریی ئەمریکییە بەتایبەتی لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمو سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا تا بەرۆژگاری ئەمڕۆش دەگات، بەڵگەی ئاراستەی ئیشکردنی رۆژنامە مۆنۆپۆلکراوەکان لەهەڵبژاردنەکانی ئەمریکا بەرۆشنی دیارە کە بۆ چ ئامانجێک کاریان کردووە، قۆناغی هاوچەرخێتیش یەکێکە لەقۆناغە کەڵەگەتەکانی مێژووی رۆژنامەگەریی ئەمریکی،بەتایبەتی لەجەنگەکانی یەکەمو دووەمی جیهانیو رۆژگاری شەڕی سارد تا بەم سەردەمەش دەگات کە لەسەر کۆمەڵێک رستەو دەستەواژەو زاراوەو ئەدەبیات کاردەکاتو کراوە بە بەشێک لە کەلتوری (تازە نەتەوەیی) وڵاتێکی (تازە دۆزراوە) رۆحێکی تازە لەکاری رۆژنامەگەریی ئەمریکی هەستی پێدەکرێت کە زهنی خوێنەران بۆ ئەوە دەبات نەتەوەیەک ژیانی لەخەتەردایە بۆیە بەو شێوەیە بەرگریی لە مانەوەو دەستکەوتەکانی دەکات، هێزی نووسینی وتارەکان وەزعی خراپی نەتەوەیەکی خاوەن هەیبەت پیشان دەدەن!

مێژووی رۆژنامەگەریی کوردیش زیاتر لەسەد ساڵە لەنێوان مەنفای پێناسەو بەرگری لەخاکو نەتەوە لەهەڵکشانو داکشاندایە، ئەی کەواتە چ خاڵو خاسیەتێک رۆژنامەی ئەمریکیو رۆژنامەی کوردی کۆدەکاتەوە؟ تا لە وتارێکی لەم شێوەیەدا باس بکرێن، ئەوەندەی جیاوازی لەنێوان ئەم دوو رۆژنامەیەدا هەیە، ئەوەندە پێوەندیی کۆیان ناکاتەوە، بەڵام خاڵێکی زیندوو

ئەم دوو رۆژنامەیە لەیەکتر نزیک دەکاتەوە ئەویش گۆڕانکاری چاوەڕوانکراوە لەعیراقو ناوچەکەدا، (مرۆڤ بۆ ئەوەی بۆچوونی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرامبەر بەئیسلامی سیاسی بزانێت پێویستە رۆڵی دەزگاکانی راگەیاندن ببینێت– (امریکا والاسلام السیاسی، فواز جرجس، ترجمە، غسان غێن، دار النهار للنشر، بیروت، 1988– لاپەڕە–69)

لەم نووسینەدا ئێمە تەنیا مەبەستمان لەشێوەو ئاڕاستەکانی رۆژنامەی ئەمریکایە بۆ کارکردنو زەقکردنەوەی بەرنامەیەک کە دەوڵەتو ناوەندەکانی بڕیاری وڵاتەکە ئیشی لەسەر دەکەن، ئێستا رۆژنامەکانی ئەمریکا لەچەندان بەرەدا کاردەکەن، بەرەی رای گشتی ناوخۆی ئەمریکا،بەرەی ئەوروپا بەتایبەتی ئەو چەند وڵاتە زلهێزەی بە ئاڕاستەی ئەمریکا کارناکەن،

بەرەی وڵاتانی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش کەئەمەشیان بەقەد رای گشتی ناوخۆی ئەمریکا بۆ تۆکمەکردنی بەرگریی بۆ ئەمریکا گرنگە، لەهەموو بەرەکاندا شەڕێک دەکات، شەڕی سەرکەوتنی گەلی ئەمریکا، ئەمە بێجگە لەگەمەکردن بەزاراوە و دروشمەکانی مافی مرۆڤو گواستنەوەی ئەزمونو پەڕینەوە بەرەو دیموکراسیو پاراستنی مرۆڤو کۆمەڵێک ئەرکی تریش کە رۆژنامەی ئەمریکی لەقۆناغی ئەمڕۆدا دەست نیشانی کردوونو زۆر بە بەرنامە خوردیان دەکاتەوە.

لەجەبری ئەو کارکردنەدا ئەوەندەی مەبەستمان لە کۆکردنەوەی ژمارەی رستەو دەستەواژەی شێوازەکانی دیسپلینی سیاسەتی کارکردنی پیشەکەیە، ئەوەندە مەبەستمان لەژمارەی لاسەنگرتنی هاوکێشەی بەرژەوەندییەکان نییە، هەر بۆیە رۆژنامەی وڵاتێکی وەک ئەمریکا ئاساییە بەوە راڤەبکەین کە چۆن بۆتە بەشێک لەجێبەجێکەرو تائاستێک بەرنامەڕێژی کۆشکی سپیو

پنتاگۆن‌وعەقڵی(نەزەری) تیۆرستە گەورەکانی وڵاتەکەیەتی، بەگشتی ماس میدیای ئەمریکی هەر لەکۆنەوە ماس میدیایی پاراستنی ئەمریکا بووە.
بەڵام نابێت رۆژنامەی ئۆپۆزسیۆن بەشەڕو هەیمەنەش فەرامۆش بکەین کە هەر لەکۆنەوە کیشوەری تازە دۆزراوەی ئەمریکا پێی ئاشنا بووە، زمانی ئەو رۆژنامە زمانی گفتوگۆیەکی سەلیم بووە، سەلیم بووە وەک رۆژنامەیەکی ئۆپۆزسیۆن لەنێو چوارچێوەو بازنەی خودی وڵاتەکەی خۆی، چونکە مۆنۆپۆلو سەرچاوەی قازانجو برەودان بەکاروبارەکانی لەکوێ بووبێت لەو سەنگەرە شەڕ دەکاتو شەڕی کردووە، دەشێت کەسێک وەک نموونە باس لەسیاسەتی رۆژنامەیەک یاخود وتارێکمان بۆ بکات کە بەتوندی رەخنە دەگرێت تائاستێک دژ بەسیاسەتی ئەمڕۆی ئەمریکایی بێت، ئێمە لەم نووسینەدا مەبەستمان لەبەراوردو جیاوازی نییە، بەڵکو ئەو دیاردەو هێڵە گشتییە کەرۆژنامەگەریی ئەمریکی لەسەری دامەزراوەو لەهەموو جەنگەکانیشدا کاری لەسەر کردووە، ئەو سیاسەتی کارکردنەش تا ئەمڕۆش ماوەو برەویشی پێدراوە زیاتر بۆ نەشکاندنی هەیبەتی وڵاتەکەیانە، رۆژنامەکان لەسۆنگەی بازاڕو فرۆشتنەوە بەرگری لەو سیاسەتە دەکەن، کە هێزی هەیبەتی ئەمریکا وەک (عەرز)ەو بۆ رۆژنامەکان(تەڵەب) زیاتر دەکات.
ئەی کەواتە رۆژنامەی کوردی لە چ خەتەرێک دەترسێت؟ بەداخەوە رۆژنامەگەریی ئێمە لەبەرئەوەی سەرچاوەکانی بریتییە لە ماکینەکەی حزبو دەسەڵاتدارێتی حزب،زۆر بەلای خۆشکردنی بازاڕ ناچێت، نەک وەک بەرنامە بەڵکو نەبۆتە خەمی کارکردنیشی، بەڵام ئەمڕۆ لەم جەنگەدا ئاڕاستەی ئیشکردن وادەخوازێت بە کەرەستەیەکیتری رژۆنامەگەریی کاری لەسەر بکرێت، چونکە مانەوەی ئەزموونی ئیدارەی دوانزە ساڵەی کورد دووچاری خەتەر بووە، ئەمڕۆ ماڵی کورد ماڵی حزب نییە تاهەموو بەرژەوەندییەکانمان لەیەک پنتدا کۆبکرێنەوەو هەموو جوانییەکانی خۆمان لەسەر رەففەی ئەو ماڵەدا بەدی بکەین، بۆیە پێویستە ماس میدیای کوردی بەئاڕاستەی بۆ بەپێوە وەستانی نەتەوەیەک کاربکات کە هەموو جوانییەکانی خۆی لەم ئەزموونەدا دەبینێت، باشترینو سەر ڕاستترین کەرەستەی ئیشکردن لەرۆژگاری ئەمڕۆماندا جوڵاندنی رایگشتیو کۆکردنەوەیانە دوور لە ئەدەبیاتە بەرتەسکەکانی حزبو رێکخستنی حزبایەتی.

**رۆژنامەنووسی سیخوڕ، سیخوڕی رۆژنامەنووس**
**بەتایبەت لەکاتی جەنگدا**

لەم نووسینەدا، زاراوەی (سیخوڕ)مان بەرامبەر بە(جاسوس) بەکارهێناوە پێش ئەوەی لەپێوەندیی سیخوڕو رۆژنامەنووس بدوێین، وامان بەباش زانی لاپەڕەکانی چەند فەرهەنگێک هەڵبدەینەوە، تابزانرێت چۆن باسی (سیخوڕ-جاسوس) کراوە، شێخ محەمەدی خاڵ بۆ جاسوس دەڵێت: "جاسوس کەسێکە کە هەواڵو باسی یەکێک یان شوێنێک ببات بۆ یەکێکی تر، فەرهەنگی خاڵ، جزمی یەکەم، لاپەڕە 314".. هەژار لەفەرهەنگی هەنبانە بۆرینەدا بەرامبەر بەوشەی (جاسوس)، وشەی سیخوڕی داناوە،دەڵێت: (شوفار، زوانگیر، خەوەردز، لاپەڕە 180)، بۆ زانیاریی زیاتریش لەزمانی ئینگلیزی بەرامبەر بەواتای (سیخوڕ) وشەی (Spy)ی هەیە لەسویدییشدا (Spion) هەیە، رەنگە ئێمە زۆرکارمان بەچاوگو ئەسڵی وشەی (سیخوڕ) نەبێتو

ئایا لەسەر چ پێودانگێکی زمانەوانی لەفەرهەنگی زمانەکەماندا دانراوە، وەکو لەهەندێک ناوەنددا کاری پێدەکرێت، بەڵکو زیاتر مەبەستمان لەکارو کردەوەو چالاکی نواندنە، بەوردبوونەوە لەپێناسەو لێکدانەوەی واتا فەرهەنگییەکانی پێشەوە دەردەکەوێت، کەتا ئاستێک ئەرکی (رۆژنامەنووس)و(سیخوڕ) لەیەکتر نزیکن کە بریتییە لەوەرگرتنو گواستنەوەی رووداوێک، بەڵام جیاوازییەکەیان لەوەدایە، کەهەر یەکێکیان بەشێوەی جیا کار لەسەر ئەو رووداوە دەکات شێوەی گەیاندنەکەیشیان لەیەک ناچێت، سیخوڕ رووداوەکە بۆ دەزگایەکی نهێنی دەیگوازێتەوەو دوورە لەنیگاو روانینەکانی خەڵک، بەڵام رۆژنامەنووس رووداوەکە دەکاتە هەواڵو دەیخاتە بەردەم خەڵک،لەم وتارەدا دەستنیشانی ئەو جیاوازییانە دەکەینو ئەو خاڵو گۆشەو هێڵەش باس دەکەین کەهەردووکیان کۆدەکاتەوە، هەروەها ئەو رووبەرانەش وەردەگرین کەهەردووکیان لەیەکتر نزیک دەکاتەوە، بەڵام پێش ئەوەی ئەو وردەکارییانەی پێشەوە لێک بدەینەوە، زۆر هەوڵمدا بزانین بۆچی کورد بەرامبەر بەوشەی (جاسوس)ـی بە حیساب (عەرەبی) وشەی (سیخوڕ)ی داناوە؟ چونکە سیخوڕ لەکوردستاندا جۆرە گیانەوەرێکە لەزۆر رووەوە لە (ژووژک) نزیکە، ئەگەر کورد هەر تەنیا لەبەر (پەڕە تیژە دارینە پتەوەکانی) ئەو گیانەوەرە بێت، کە بەرامبەر لێی دەترسێت،ئەو وشەو زاراوەیەی بۆ جاسوس بەگونجاو زانیبێت، ئەگەر نا هیچ زانیارییەکی ترم دەست نەکەوت.

کەسی سیخوڕ لەدەزگایەک کاردەکات کەتایبەتە بەکۆکردنەوەی زانیاری، بوونو دامەزراندنی ئەو جۆرە دامەزراوو دەزگایانە لەو رۆژانە کاری بۆکراوە، کەبەرەی ململانێکان پێویستییان بەزانیاریی هەبووە بەرامبەر بەبەرەکەی‌تر کەزیاتر وشەو دەستەواژەی بەرەی دوژمنیان بۆ دانراوە، بواری راگەیاندنیش هەر زووو لەڕۆژە دوورەکانی دەرچوونی بڵاوکراوەو رۆژنامەدا بەو دەزگایانە ئاشنابووە بەتایبەتی بۆ دەستکەوتنی هەواڵو بازاڕ خۆشکردنی رۆژنامەکانیان، هەر ئەو هۆکارەش بووەتە هۆی دەست تێکەڵاوکردنی کاری رۆژنامەکان، یان لەدەزگایەکی گەورەی راگەیاندندا کۆمەڵێک رۆژنامەنووس دووسەرە بەرهەمیان پێشکەش کردووە، یاخود دەزگاکانی سەرەوەی بەڕێوەبردن، کۆمەڵێک لەکارمەندو رۆژنامەنووسی دەزگایەک لەدەزگا رۆژنامەنووسییەکانیان وەک جێبڕوای خۆیان لەو دەزگایانە چاندووە؟ ئەمە زیاتر پێوەندی بە وڵاتانی بلۆکی کۆنی سۆسیالیستیو وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەیە، لەوەدەچێت لەوڵاتانی پەرلەمانیو دەسەڵات دیموکراسییشدا هەبێت،کوردیش لەبەرئەوەی تائێستا دەوڵەتی سەربەخۆی نەبووە، تابتوانین هەیکەلی ئەو جۆرە دەزگایەی لێ ببینین، بەڵام دەتوانین تەمەنی کاری سیخوڕیو کۆکردنەوەی زانیاریی لەنێو کوردیش بۆ رۆژگارە کۆنەکانی مێژووی نەتەوەکەمان بگێڕینەوە، بەڵام ئەوەی زانراوەو شاراوە نییە هەر لەگەڵ دروستبوونی کۆمەڵەو دەستەو گرووپو حزبی کوردیدا بیر لەپێکهێنانی سەرچاوەو چاوگی کۆکردنەوەی زانیاری کراوەتەوە، بەتایبەتی لەناوەڕاستەکانی سەدەی رابردوودا، دیارە ئێرە جێگای وردەکاریو وردکردنەوەی چالاکییەکانی دەزگا سیخوڕییەکانی کورد نییە، بەڵام دەتوانین راشکاوانە بڵێین زۆرکاتو ماوە ئەو سیخوڕییانە وەک چۆن خوێندنەوەی خراپیان بۆ کوردەواری هەبووە، یارمەتیدەری بواری پێشکەوتنی رۆژنامەگەرییش نەبوونەو بەزانیاریو تازەو گەرم لاپەڕەکانی رۆژنامەگەریی دەوڵەمەند نەکردووە، بەداخەوە ئەوەندەی زانیاری لەسەر حزبو رێکخراوی بەرامبەر کۆکراوەتەوە، هەوڵی نەداوە بەڵگەنامەو فایلەکانی بەرامبەر بەدوژمنانو داگیرکەرانی وڵاتەکەی بەهێزو دەوڵەمەند بکات، هەر ئەمەشە بۆتە هۆی ئەوەی کەڕۆژنامەگەریی کوردی بەڕۆژنامە حزبییەکانیشەوە سڵ لەو جۆرە کەسو دەزگایانە بکاتەوە، چونکە کارو ئەرکی دوو

عەقڵی جیاواز خۆیان بەیان کردووە، عەقڵێک رووداوەکانی رۆژ دەکاتە هەواڵو بەخەڵکی دەگەیەنێت، عەقڵێکی تر بۆ هەموو رووداوێک فلتەر دادەنێتو دوای نووسینی پەراوێزەکانی ئینجا لەنێوان ئەگەری نهێنیو ئاشکرادا، ئینجا ڤیزای پەڕینەوە یاخود شاردنەوە بەرووداوەکە دەدات.

ئەگەر جارێکی تر لەرۆژنامەگەری دنیاو بەتایبەتی لەزەمەنی ئەمڕۆدا وردببینەوە،واباوە کە لە زۆربەی وڵاتە گەورەکانی جیهاندا دەزگا سیخوڕییەکانیان خاوەنی رۆژنامەو گۆڤارو رادیۆن یاخود پشکیان هەیە، بەڵام نەک بەشێوەیەکی راستەوخۆ، وەک خاوەن ئیمتیاز خۆیان ناساندبێت، بەڵکو وەک سێبەر سەرپەرشتیی کارەکانیان کردووە بە تایبەتی لە ئەمریکاو بەریتانیادا، یان دەڵێن فلانە گۆڤارو رۆژنامە لەفلان دەزگای سیخوڕییەوە نزیکە، وەک روون بۆتەوە ئەمە زیاتر پێوەندی بەهەواڵو زانیاری تازەوە هەیە، ئەوەندە پێوەندی بەتەونی شێوەی بەڕێوەبردنو کاری ئیداری رۆژنامەکەوە نییە، بەڵام لەلای خۆمان ئەمە پێچەوانەیە، دەزگای سیخوڕی حزبی کوردی ئەوەندەی موتابەعەی کاری هەیکەلی بەڕێوەبردنو کەسەکان دەکات، نیو بەقەد ئەمە زانیاری تازەو ورد بەرۆژنامەکانیان نادەن، تائێستایش حزب هەیە رۆژنامەنووسو سیخوڕو چەکدار وەک یەک حوکمیان لەسەردەداتو نازانێت هەر یەکێک لەمانە ئەرکی خۆیان جێبەجێ دەکەن، بەڵام دەشێت یارمەتیی یەک بدەن.

هەروەها بە گوێرەی زانیاری ئێمە ئەوە چەند ساڵێکە رۆژنامەگەری کوردی هەوڵیداوە سوود لەزانیاری دەزگا سیخوڕییەکان وەربگرێت، ئێمە وەک کارێکی رۆژنامەنووسیی رووت پشتگیریی لەو جۆرە هەوڵانە دەکەین، بەتایبەت ئەو روداوو زانیارییانەی سەبارەت بەناسینی زیاتری دوژمنانو داگیرکەران دەخرێنەڕوو، هەروەها هەندێک زانیارییش کەڕووی ناشیرینی گەندەڵی ئیداری باس دەکەن، ئەوە نییە ئەو زانیاریو بابەتە گەرمو شاراوانە بازاڕی ئەو جۆرە هەفتەنامەو مانگنامانەیان لەرۆژنامەکانی تر خۆشتر کردووە.

بەڵام تۆ بڵێیت لەجەنگی چاوەڕوانکراوی ناوچەکەشدا بتوانن زانیاریی تازەتر لەرۆژنامەکانیتر بەخوێنەران بدەن؟ یاخود ئازایانەتر کۆمەڵێک فایل بەڵگەنامەی گرنگو ورد سەبارەت بەنەخشەو پلانی هێزی هاوپەیمانان دەستبخەنو بڵاوبکەنەوە؟ چونکە وەک دەزانرێت بەرەی جەنگی کوردستان دەبێتە بەرەی (ئەلفی) جەنگەکەو بەرەکانی تر دەبنە (بێوجیمو دال...هتد)، ئێستاش بۆمان هەیە بپرسین کەی رۆژنامەنووس دەبێتە سیخوڕ، سیخوڕیش ئەرکی رۆژنامەنووس رادەپەڕێنێت..؟

بەعس زۆر شتی لەلا ناشیرین کردین، تا بەکاری رۆژنامەنووسیش دەگات، هەموومان لەکۆتاییەکانی سەدەی رابردوو لەبیرمانە کەچۆن رۆژانەکانی بەعس لەدەزگاکانی راگەیاندنی خۆیدا باسی لە (بازۆفت) ی رۆژنامەنووس دەکردو دۆکیومێنت لەسەر دۆکیومێنتی لەسەر بڵاودەکردەوە، کەگوایە بۆ دەوڵەتێکی زلهێز کاری سیخوڕیی کردووە، تا حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەرکرد، نموونەی لەشێوەی (بازۆفت)، لەمێژووی مرۆڤایەتیدا زۆرن، بەتایبەتی لەکاتی یەکەمو دووەم جەنگی جیهانیدا، ئەمانە دوو شێوە کارکردنن، رۆژنامەنووسە لەپاڵ پیشەکەی خۆیدا زانیارییش بۆ وڵاتەکەی کۆدەکاتەوە، ئەمە لەلایەک، لەلایەکیتر رۆژنامەنووسەو بەسیخوڕ تاوانبار دەکرێت، کەوەک لەپێناسە فەرهەنگیەکانی پێشەوەدا ئەرکی رۆژنامەنووسو سیخوڕ بەکۆکەرەوەی زانیاریو هەواڵ وەسف کراوە، بەڵام گەلێک جار تا بەئەمڕۆش دەگات، هەردوو کارەکە تێکەڵاو دەکرێنو تێکەڵاو دەبن، بەتایبەتی لەکاتی روودانی جەنگ لەژێر دەسەڵاتی وڵاتانی دیکتاتۆریدا، لەکاتی جەنگدا دووژمنانی بەرامبەر بەیەک بۆ کۆکردنەوەی زانیاری هانا بۆ رۆژنامەنووسان دەبەن، لێرەدا رۆژنامەنووس پیشەی رۆژنامەنووسیی لەدەست

دەداتو دەبێتە سیخوڕ، ئەوە لەحاڵەتێکدا ئەگەر بە وڵاتێکیترو بەپارە زانیارییەکان بفرۆشێت، بەڵام هاووڵاتیبوونی رۆژنامەنووس لەو حاڵەتانە هوشیارتر دەبێتەوە، کەخاکو وڵاتەکەی دووچاری قەیرانو کێشەیەکی گەورە ببێتەوە، یاخود رووبەڕووی جەنگی دوژمنانو داگیرکاران ببێتەوە، لەم ساتەدا ئاساییە رۆڵی سیخوڕییش ببینێت، بۆ نموونە ئەمریکا لەم جەنگەدا بڕیاری داوە هەر لەگەڵ یەکەم هێرشو ئاگری چەکەکانیدا، رۆژنامەنووسان بۆ بەرەکانی جەنگ بگوازێتەوەو بۆ بەرەکانی پێشەوەیان بنات، ئایا ئەگەر ئەمریکا لە شوناسنامەی ئەو رۆژنامەنووسانە دڵنیا نەبێت، چۆن لەهەندێک شوێنی حەساسدا نزیکیان دەکاتەوە، بەڕای ئێمە ئەو رۆژنامەوانانە بەشێکن لەو رۆژنامەوانانەی کەسەر بەدەزگای پێنتاگۆنن، یاخود سەر بەدەزگای سیخوڕی CIA ن، لێرەدا ئەمریکاو بەریتانیا لەچەند لایەکەوە سوودمەند دەبن، هەم سەبقی هەواڵی جەنگەکە لەدەست خۆیاندا دەبێت، هەم گەمە بەڕووداوەکانی جەنگەکە لەنێوان بڵاوکردنەوەو بڵاونەکردنەوەی رووداوەکاندا دەکەن، ئەو جۆرە ئیشکردنە ئیشکردنێکی جاسووسییە لەبواری راگەیاندندا دەزگای راگەیاندنەکەیش دەبنە بەشێک لەو دەزگا سیخوڕییانە، ئەمریکا هەموو هاوکێشەکان بەئەمنی قەومیی ئەمریکی یەکسان دەکات، بەڵام تۆ بڵێیت رۆژنامەگەریی کوردی چ وانەیەک لەم جەنگە وەربگرێت کە لەبەردەمی بارەگای رۆژنامەکەی روودەدات؟

**راگەیاندنو زەردەخەنەی سەرکردە**

پەیوەندی سەرکردەو راگەیاندن دەتوانین بەپەیوەندی نێوان رووداوو هەواڵی بچوێنین، هەواڵی سەرکردە رووداوێکە لەباری جەستەو لێدواندا هەمیشە پانتایی شێری لەبواری راگەیاندندا بۆتەرخاندەکرێت، زۆرجار ئاکارەکانی سەرکردە هەموو شتێکە بۆراگەیاندن بەڵام زەمەنی گۆڕانکاری سیستەمەکانی ژیان شێوەی ئەو پێوەندییە ناوبراوەی گۆڕیوە، نەخوازەڵڵا دوای هەرەسی بلۆکی سۆسیالیستیو ئیدارەکردنی جیهان لەلایەن یەک جەمسەردا کە ئەمریکایە، دیاردەی دەسەڵاتەکانی سەرکردە هەموو گۆشەکانی گرتووەتەوەو ئاراستەکانی ئیشکردن لەخزمەتی یەک جەمسەردایەو بۆسەقامگیرکردنی ئەو دەسەڵاتەش پشت بەرەوتی پێشکەوتوویی تەکنۆلۆژیا دەبەسترێت بەتایبەتیش لەبوارەکانی گەیاندنو راگەیاندندا، دەتوانرێت واتاکانی راگەیاندنیش لەم رستەیە کۆبکرێتەوە کەبریتییە لەگەیاندنی زانیارییە حەقیقەتەکان بەخەڵک،بەڵام ئایا ئەمڕۆ راگەیاندن پەیامبەری حەقیقەتەکانە ؟ یاخود ئامێرێکە بەرگری لەپرانسیپێکی دارێژراوو هەڵوێستێک دەکاتو عەقڵیەتێکی داگیرکاری هێڵی گشتیی کارکردنی بۆدەکێشێت؟ لێرەوە خەتەری تاک جەمسەری دیار دەکەوێت، کە لەسەر هەموو پنتەکانی جیهان بەیەک واتا کار دەکاتو یەک ئاماژەو خوێندنەوەی بۆتاکو کۆمەڵو کۆمەڵگا هەیە، لەحاڵێکدا ئەگەر رۆشنبیریمان بەرۆحو خوێنی شارستانی زانی کەپیرۆزییەکانی نەتەوە پارێزگاری لێدەکات، ئالێرەوە ترسی لاوازو بچووککردنەوەی شوناسی نەتەوەیی بەرامبەر بەعەقڵیەتی دەسەڵاتی داگیرکار پرسیاری بەرگری دەخاتە بەردەم رای گشتیی! بەڵام لەم نێوەندە تازەیە ئایا گفتو گوتارەکانی سەرکردە دەخوات یاخود پرسیارە ورۆژێنراوەکان؟ بەگشتیی ئەمڕۆ راگەیاندن، راگەیاندنی سەرکردەیە، بەتایبەتی لەوڵاتە پاشکەوتوو و دیکتاتۆرو نادیموکراسییەکاندا بەئەمریکاشەوە، چونکە هێزی سەربازی لەئەمریکا، هێزی سیستەمەکانیتری ژیانی لاواز کردووە. بەرهەمەکانی جەنگ هەموو بزاڤەکانیتری خستۆتە ژێر پرسیارەوە؟ پرسیار لەئاییندە،

پرسیار لە سڕینەوەی مێژووی شارستانییەکانیتر؟ پرسیاری هەڵوەشانەوەی عەقڵی ئەنتی ئەمریکایی! هەڵوەشاندنەوەی شێوەیەک لەشێوەکانی کایەی دامەزراوەکان، کەتوانیویەتی بەرامبەر بەسیاسەتی سڕینەوەو لەناوبردندا بەپێوە بوەستێت.
دەکرێت پێش ئەوەی لەوێنە زاڵەکانی سەرکردە لەرووبەری راگەیاندندا بدوێین، باس لەهێزی تەکنۆلۆژیای زانیاری بکەین...ئەمەش زیاتر لەلێکدانەوەو راڤەی رووداوێکی وەک جوڵەی سەرکردەدا نمایش دەکرێت بەپەلەش داوای کاردانەوە دەکات، بەتایبەتی لەچەمکو هێزی دامەزراوەکانی دەسەڵاتدا، بۆنموونە دەزگاکانی راگەیاندن لەهەواڵو لێکدانەوە سیاسییەکانیاندا بەسەرکردە دەڵێن ئەگەر فلان جەنگ نەکەیت ناتوانیت لەفلان خولی هەڵبژاردندا بەشداری بکەیت! ئەگەر جەنگەکەش دەکەیت پێویستە بیبەیتەوە تا بۆچوار ساڵ یان چەندان ساڵیتر لەسەر کورسی دەسەڵات بمێنیتەوە، راگەیاندن رێکخستنێکیتر بەدەسەڵات دەدات بەتایبەتی لەباری جۆرو ئالیەتی کارو دروستکردنی بڕیاردا، بەداخەوە خەریکە شۆڕشی زانیارییەکان هەموو چەمکە هەقیقیەکانی خۆی لەدەست دەداتو تەسلیم بەپیرۆزییەکانی سەرکردەو بەرژەوەندییەکانی تاکپەرستی دەبێت، بەڵام واتاو چەمکی راستی رۆژنامەو راگەیاندنو هۆکارەکانی راگەیاندن لەکۆمەڵگای ئەوروپیدا بەتایبەتی لەو رووبەرەی پێی دەڵێین ئەوروپای رۆژئاوا خۆی نەدۆڕاندووەو ئەوەندەی کار بۆکۆمەڵو رای گشتیی دەکات ئەوەندە کار بۆپیرۆزییەکانی سەرکردەو تاک ناکات، بۆوەستانو گەڕان بەدوای کاریگەرییەکانی راگەیاندنی ئەمریکادا، دەتوانرێت سەیری پاشخانی پەڕاندنەوەی شێوەکانو جۆری دیموکراتی ئەمریکایی بکرێت بۆئەو وڵاتانەی کە ئەمریکا روویان تێدەکات، ئەمەو بێجگە لەگواستنەوەی کۆمەڵێک چەمکیتر کەڕۆژانە لەڕێگای کەناڵەکانی راگەیاندندا فڕێ دەدرێنە مەیدانەکەو داوا لەوەرگر دەکرێت بەنەزری ئیعتیبار وەریان بگرێت.
دوای ئەوەی جەنگ چووە نێو ماڵەکانی ئەمریکاوەو بەهۆی کارەساتی (2001/9/11) راستەوخۆ بنیاتی وڵاتەکە رووبەڕووی مەترسی بۆوە، ئەمجارە ئەمریکا کەوتەر کارکردن بۆپاراستنی خود، خود بەواتای سەروەریو فەرزی ئیرادە، بەڵام نەک بەجۆرو شێوەکانی رابردوو، مرۆڤ دەتوانێت کێرڤی لێکدانەوەکانی ئەمریکا هەر لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە تا ئەمڕۆ سەیر بکات، هەست بەوە دەکرێت دوای ئەو مێژووە بەرژەوەندی جەنگی ئەمجارە لەچاو جەنگەکانیتر بچووک کراوەتەوەو لەتیرۆری دەولییەوە بۆتە تیرۆری ئەمریکا، واتە ئەمریکا تیرۆر کراوە بۆیە ئەمریکاو سەرکردەکانی بیر لەدامەزراندنی نەخشتەیەکیتری جیهانی دەکەنەوەو هەموو هێزەکانی ژیانییان لەخزمەتی هێزی ئابووریی داناوەو راگەیاندنیش لەو ئاڵوگۆڕەدا گەورەترین ئەرکی گۆڕانکاری پێدراوە، هەر لەکۆنەوە تا بە ئەمڕۆی چەرخی جیهانگیری دەگات، رێگاچارەی سەربازی بەگونجاوترین رێگا دەزانرێت بۆداگیرکردنو گۆڕینی دەسەڵات لەوڵاتانو هەر شوێنێکی دنیادا، بۆ؟ چونکە جەنگ هەموو بەهاکان دەڕووخێنێت، هێزی زاڵ دەتوانێت دوای جەنگەکە وەک کەرەسەیەکی خاو لەو رووبەرەدا کار بکاتو بەئارەزووی خۆی عەقڵو سیستمەکان بنیات بنێتەوە، راگەیاندنیش وەک پاشکۆیەکی ئەو سیاسەتە پێرەوی سیاسەتی رۆژی سەرکردەکان دەکات، راگەیاندنی ئەمریکا ئەمڕۆ ئەوەندەی مولتەزیمە بەهەڵوێستی رەسمی سەرکردەکانی وڵاتەکەی ئەوەندە بەلای رای گشتیی ئەمریکیدا ناچێت بەڵکو رای گشتیی بۆ ئەو سیاسەتە تەعبییە دەکات.
یەکێک لەو خاسیەتانەی کەزۆربەی سەرکردەکانی دنیا کاریان بۆکردووەو کاری بۆدەکەن دەستکەوتو سەرکەوتنە، هەر یەکێکیان بەشێوازێک لەو دوو زاراوەیە دەگەنو چەمکیان

بۆدارشتووه، زیاتریش سەرکەوتن وابەستە دەکەن بەسەرکەوتنیان لەبەرەکانی جەنگی سەربازییەوە، ئەگەر نا چەندان شێوازی جەنگ هەیە کە دەتوانرێت بەئاسانی رژێمی سەدام حسێن- ی پێ بگۆڕدرێت، سەدام تەسلیم بووە، تەسلیم بوونیش لەجەنگ واتە دۆڕان، بەڵام ئەوەی ئێمە لە رێگای راگەیاندنی ئەمریکیەوە بۆ ئەم جەنگە لە ئەمریکا گەیشتبین گرنگ گۆڕینی دەسەڵاتی حوکمی عیراق نییە، بەڵکو بۆ ئەمریکا گرنگ کەرەسە خاوەکەیە تابتوانێت بەئارەزووی خۆی بنیاتی بنێتەوە.
دیارە وەک دەزانرێت دەسەڵاتی ئەمریکا شێوەیەکی هەرەمی هەیەو ئەمڕۆ جۆرج دەبلیو بۆش لەسەرووی ئەو هەرەمەیەو عەقڵی ئیدارەکەش رێژەیەکی زۆر بەر بۆش دەکەوێت، ئەگەر نا مەعقوڵ نییە کۆلن پاول کە وەزیری دەرەوەی ئەمریکایەو وەزیری دەرەوەی وڵاتان عەقڵی دیپلۆماسی وڵاتەکەیە بڵێت: من لەناو فرێزەرێکم هەرکاتێک کاریان پێم هەبێت دەرم دێنن‌و بەکارم دەهێنن، مفارەقەیەکی زۆر لەمۆدێلەکانی دیموکراتیدا هەیە، ئێستا لەوڵاتێکی وەک ئەمریکادا راگەیاندنی وڵاتەکە رۆژانە پاساو بۆدیدارو وتەکانی بۆش دەهێننەوە.
کۆتایی ئەم نووسینە بەساتی لێدانی هێرشی فڕۆکەکان بۆتاوەرەکانی سەنتەری بازرگانی ئەمریکا دەهێنم، بۆش بۆ لێدانی فڕۆکەی یەکەم وتی؛ لەوە دەچێت فڕۆکەوانەکە دووچاری وەستانی دڵ بووبێت، بەڵام بەگشتی بۆ کارەساتەکە وتی؛ ئەوەی ئەو کارەی کردووە منی وەک سەرکردە خۆش ناوێت پێویستە ئەوکەسە نرخەکە بدات، بۆش لەو ساتەوە تا ئەمڕۆش تووڕەیە سەدام حسێن‌و چەندان کەسیتر چاوەڕوانی خەندەیەکی بۆش- ی سەرکردە دەکەن!

**وێنەی جەنگ، جەنگی وێنە**

پێوەندی جەنگو وێنە بۆ ئەو رۆژگارە دەگەڕێتەوە،کە مرۆڤایەتی لەکاتی ململانێی بوون‌و مانەوەدا بەکێشانی وێنەی ئاژەڵی دڕندە گوزارشتی لەجەنگ کردووە،وەک دەزانرێت سەرەتا مرۆڤ بۆ لەیەکتر گەیشتن کۆمەڵێک رەمزی بەکارهێناوە، هەر ئەو کەرەستانەش لەگەڵ گۆڕانکاریی هۆکارەکانی ژیان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە پاش رۆژگارێکی دوورو درێژ مرۆڤایەتی بۆ نووسین بە تایبەتی "ئەلفا بێ"ی داهێناوەو شوێنی زمانی لەیەکتر گەیشتنی وێنەیی گرتووەتەوە، لەسەردەمی وێنەدا، رەمزەکانی جەنگو پێکدادانەکان رووبەرێکی دەوڵەمەندی لەو مێژووە هەیە، مێژووی جەنگیش بریتییە لە بەشێکی گەورەی مێژووی مرۆڤایەتی، جەنگ لەڕووی واتاو بەکارهێنان‌و داکۆکیکردندا گۆڕانکارییەکی زۆری بەخۆوە نەبینیوە، بەتایبەتی لەباری پێناسەدا تەنیا یەک واتای هەیە، ئەویش بریتییە لەکارەسات‌و کوشتنی مرۆڤ،بەڵام ئامێرەکانی جەنگ گۆڕاون‌و کوشندەتر بوون.
گەیاندنی وێنە پێویستی بەفاکتەرێکە، ئەویش راگەیاندنە، کە بە هۆی رۆژنامەی خوێندراوو بینراوەوە دەتوانرێت وێنەکان بگەن، هێزی وێنە لە هەر یەکێک لەم دوو دەزگایەدا جیاوازی هەیە، لەرۆژنامەی خوێندراودا گۆشەی وێنە جووڵە بەچاو دەکات، بەڵام لەرۆژنامەی بینراو (تەلەفزیۆن)دا جووڵەکانی وێنە کاریگەریی لەسەر چاودا جێدەهێڵن، کارامەیی‌و شارەزایی وێنەگر لەم دوو نێوەندەدا هێز بەوێنە دەدەن، سەلیقەیی‌و ئیدارەی رۆژنامەش رۆڵی لەهەڵبژاردنی وێنەو گۆشەی دابەزینەکەدا هەیە، بەڵام وەک کاری رۆژنامەنووسی هیچ جیاوازییەک لەنێوان وێنەگرو نووسەری رۆژنامەدا "رۆژنامەنووسی هەڵگری قەڵەم" دا نییە، چونکە هەردووکیان رووداو دەگوازنەوە، جیاوازییەکە تەنیا لەوەدایە کەهەر یەکێکیان بە ئامێری جیاواز رووداوەکە

دەگوازنەوە، تا گەلێک جار وێنەگرو رۆژنامەنووس پێکەوە رێکدەکەون، وێنەکان چۆن بگرنو چ گۆشەیەک لەڕووداوەکە بەگرنگی پێدانەوە وەربگرنو بیخەنە نێو سەنتەری زوومی کامێراوە، ئەم جۆرە ئیشکردنە زیاتر لەڕۆژنامەی نووسراودا شیاوە، بەڵام تا بە ئەمڕۆش دەگات، لەڕۆژنامەی بینراودا تەلەفزیۆن جیاوازترە، لەو بوارەدا گرتنی زنجیرەیی رووداوەکە لەنووسینی سەرکاغەز زیندووترەو زووتر دەگاتو تەمەنی کاریگەرییشی زیاترە، چونکە هێزی تەلەفزیۆن لەدەنگو وێنەو جووڵەدایە.

سەرەڕای پێشکەوتنی بوارەکانی گەیاندن بەتایبەتی بەهۆی سیستمی جیهانگیرییەوە، بەڵام تا ئێستا وێنەی رۆژنامە هێزی کاریگەریی خۆی لەدەست نەداوە، بوونی وێنە لەسەر رووپەڕی رۆژنامە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆندا راستیو راستگۆیی هەواڵ یەکلادەکاتەوە بەپلەی یەکەم لەڕۆژنامەی نووسراودا،بەڵام لەتەلەفزیۆندا ئەگەر وێنە نەبوو کەواتە ئەو دەزگایە چ جیاوازییەکی لەگەڵ ئێستگەی رادیۆیدا دەبێت؟ وەک دەزانرێت وێنەیەک بۆ وێنەیەکیتر جیاوازی لەباری وەرگرتنی خوێنەرانو بینەراندا هەیە، بەتایبەتی لەباری هۆشیاریو خوێندەواریو رۆشنبیریدا، تا لەڕووی حەسی وەرگرتنو کاریگەرییشدا دوو خوێندنەوەو دوو مەودا جێدەهێڵێت، بەڵام جیاوازییەکان زیاتریش دەوەستنە سەر جۆری رووداوەکە، وێنەکانی جەنگو کارەساتەکانی سروشتو ئەو وێنانەی پێوەندییان بەژیانی مرۆڤەوە هەیە، زووترو حەساستر ماکی خۆیان لەسەر زاکیرەی مرۆڤ بەجێدەهێڵن.

ئێستا وەک دەزانرێت بەهۆی بەربڵاویی ئینتەرنێت، وێنەش توانیویەتی زووتر بگاتو بڵاوببێتەوە،بەڵام کاغەزی رۆژنامەو شاشەی تەلەفزیۆن هێشتا گرەو لەئینتەرنێت دەبەنەوە، زۆربەی خوێنەرانی جدیو بینەرانی جدی لەززەت لەکاغەزو شاشە وەردەگرن! راستە ئینتەرنێت توانیویەتی کەناڵەکانی بیستراوو بینراوو خوێندراو کۆبکاتەوە، بەڵام ئەوەی باسمان کرد واقیعێکە زۆنی جیاوازییەکانمان بۆ بەیان دەکات، وێنەش ئەگەر ئارەزوو و خولیا بێت، ئەوە زیاتر لەکاغەزی رۆژنامەو شاشەی تەلەفزیۆندا خۆی نمایش دەکات، ئیتر لەمەوە گۆشەی جیاوازو پنتی جیاوازو قەبارەی جیاواز بەرەنگیشەوە دەسەڵات لەسەر چێژ دەردەخەن، بەڵام وەک روونو ئاشکرایە، هەر وێنەیەک بابەتێکی سەربەخۆیەو شوناسی خۆی هەیەو کاردانەوەو کاریگەرییشی بەناوەرۆکی بابەتەکەوە بەندە، هەروەها شوێنی دابەزینی وێنەش گرنگە، واتە چۆنو بۆو لەکوێ وێنە هەڵبژێردرێتو دابەزێت، لێرەوە بابەتی وێنە لەگەڵ بابەتی نووسراودا ئاساییە یەک بگرێتەوە، بەڵام ئەمە مەرجێک نییە بەسەر وێنەدا فەرز بکرێت، رەنگە ئەم گونجاندنە زیاتر لەڕۆژنامەگەریی کوردی کاری لەسەر کرابێت، بۆ نموونە هەواڵی حزب یان حکومەتت هەیە وەک کلێشەیەکی باو پێویستە وێنەی سەرکردە یان سەرۆکی حکومەت دادەبەزێت، کەگەلێک جار بۆ تازەترین هەواڵی لەو شێوەیە، وێنەیەکی کۆنو ناپێوەند بەناوەرۆکی هەواڵەکە دادەنرێت، قسە زۆرە لەسەر وێنەکانی نێو رۆژنامەگەریی کوردی، بەڵام لەم وتارەدا تەنیا لەیەک حاڵەتی وێنە دەدوێین، ئەویش وێنەی جەنگەو تاچەند بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە وێنانە جەنگێک لەنێوان رۆژنامەکان بەناوی جەنگی وێنە رادەگەیەنن، جەنگی سەبەق، کە جەنگی بڵاوکردنەوەی تازەترینو نوێترین وێنەیە لەبەرەکانی جەنگ، ئەو جۆرە وێنانەش میسداقییەتو بازاڕی فرۆشتنی باشتر بەڕۆژنامەکان دەدەن، بۆ بواری تەلەفزیۆنیش بەهەمان شێوە، ئەو بازاڕەش بە چەندان شێوەو جۆرە بەڕێوە دەچێت، وەک ئاڵوویری وێنەو فرۆشتنو..هتد.

دوای پێشڤەچوونی ئامێرەکانی جەنگو ئامێرەکانی وێنەگرتن، پرسیار ئەوەیە، ئایا لەکاتی روودانی جەنگدا چۆن هێزی کامێراو هێزی قەڵەم بۆ گواستنەوەی واقیعی جەنگەکان یەکتری تەواو

دەکەن ؟ لەم رووەوە دەتوانین رۆژنامەی خوێندراو بەسەر دوو جۆردا دابەش بکەین، جۆری یەکەم؛ ئەو رۆژنامانە دەگرێتەوە کەتا ئەمڕۆش ئەوەندەی پشت بەهێزی قەڵەم دەبەستن، ئەوەندە دەستکەوتنی وێنەی مەبەست نییە، جۆری دووەم؛ میسداقییەتی گواستنەوەی واقیعی رووداوەکانی جەنگ بەبڵاوکردنەوەی وێنە دەبەستێتەوە، بەڵام بۆ رۆژنامەی بینراو "تەلەفزیۆن" جووڵەی وێنە بەپلەی یەکەم دێت، لەم قسەو باسانەدا ئەوەندەی مەبەستمان لەپراکتیزەکردنی وێنەی جەنگە لەڕووپەڕی رۆژنامەی ئاساییو شاشەی تەلەفزیۆندا ئەوەندە باسی لایەنی تیۆریی وێنە ناکەین، بۆ نموونە؛ لەبواری "هەواڵ"دا کەیو چۆن وێنە دادەبەزێت؟ یان ئایا دەسەڵاتی وێنە لەنێوان ئەمڕۆو دوێنێدا چییە؟ ئەی لەبواری ریپۆرتاژو پروپاگەندەدا تا بەوێنەی شەخسی دەگات چ کاتێک پێویستە دابەزێت، بەڵکو ئێمە لەهێزی وێنەی جەنگ دەدوێین تاچەند بازاڕی رۆژنامە گەرم دەکات؟ هەر ئەو جۆرو شێوە وێنانەشە کە جەنگی بڵاوکردنەوەی وێنە لەنێو رۆژنامەو شاشەکانی تەلەفزیۆندا چێ دەکات.

وێنەکانی جەنگ بۆ رای گشتی شاهیدێکی زیندووی بەرەکانی جەنگن زیندوویێتی ئەو جۆرە وێنانە هێزی نووسین لاواز دەکەن بەتایبەتی بۆ وەرگر، تەکنۆلۆژیاش ئەوەندە کارەکانی ئاسانکردووە کەوای لێهاتووە وێنە لەنووسین زووتر بگاتە ناوەندی رۆژنامەو تەلەفزیۆنەکان، تەکنیکی نوێو کامێرای زۆر پێشکەوتووی خستووەتە بازاڕ، بۆ نموونە کامێرای دیجیتاڵ لەماوەی چەند خولەکێکدا دەتوانێت رووداوەکانی جەنگ بەهۆی ئینتەرنێتەوە بگەیەنێتە سەر ستوونی ماکێتی رۆژنامەی ئاسایی ( کاغەز)، ئەمەو بێجگە لەشاشەی تەلەفزیۆنەکان، کە پەیامنێرەکانی بەرەی پێشەوەی جەنگ بەشێوەی راستەوخۆ هەموو ساتێک بۆیان هەیە وێنەی مەیدانەکانی جەنگ بۆ وەرگر بگوازنەوە، بۆ بوارەکانی تری ژیان تا ئاستێک ئاساییە دەزگاکانی راگەیاندن بڵاوکردنەوەی وێنە فەرامۆش بکەن، بەڵام بۆ رووداوی پێکدادانو جەنگەکان وەرگر داوای بڵاوکردنەوەی وێنە لەدەزگاکانی راگەیاندن دەکات بەتایبەتی وەک بەڵگەیەکی باوەڕهێنەر، چونکە بڵاوکردنەوەی وێنە جۆرێکە لە گۆڕینەوەی متمانەو راستگۆیی، چونکە جەنگ بریتییە لەشکستو سەرکەوتن، ئەم دوو وشەیەش بەشێکی گەورەی لەزاکیرەی مرۆڤ داگیرکردووە.

بۆ باشتر گەیاندنی وێنەی جەنگ لەڕاگەیاندندا، دەکرێ بەکورتیو سەرپێیی لەجەنگی عیراق- ئێران، جەنگی داگیرکردنو ئازادکردنی کوێت، جەنگی ئەفغانستان، جەنگی فڕۆکەکانی یازدەی سێپتەمبەری ئەمریکا، جەنگی رژێمی بەعس لەکوردستان، جەنگی کورد- کورد.. بڕوانین، لەو جەنگانەدا کامێراو قەڵەم بەچەندان رەهەندی جۆراوجۆر رووداوەکانیان گواستووەتەوە لەجەنگی عیراق- ئێران کامێرا نەیتوانی بازنەی دەسەڵاتی دوو وڵاتەکە ببڕێت، تەنیا کامێراکانی خۆیان دەچوونە بەرەکانی جەنگەکە چەند جارێکیش بۆ پروپاگەندەی جەنگیی رێگا بەکامێرای تر دراوە، بۆ داگیرکردن بەتایبەتی ئازادکردنی کوێت تائێستا کەناڵە گەورەکانی راگەیاندن گلەیی لەئەمریکاو وڵاتە هاوپەیمانەکانیتر دەکەن کەڕێگایان پێنەدراوە بەویستی خۆیان وێنەکان بگەیەنن، لەو چەندان ساڵەی خەباتی چەکدارییو سیاسیی کوردو خەڵکی کوردستاندا، ئەوەندەی وێنەکانی هەڵەبجەو کۆڕەوی گەورە کوردی بەدنیا ناساند، ئەوەندە بزووتنەوەو شۆڕشەکان نەیانتوانی کاریگەریی لەسەر رای گشتیی دنیا دروست بکەن، بۆ جەنگی ئەفغانستان-یش جەنگی کەناڵی تەلەفزیۆنی الجزیرەو CNN مان لەبیرە، کەدوای دەرکردنی CNN لەمەیدانی فیعلی جەنگەکە، بۆ وێنەی بەرەکانی جەنگ هانا بۆ جەزیرە دەربردرا، کە کەناڵێکی تەلەفزیۆنیی چالاک بوو،هەروەها تائێستا سەدان وتارو دەیان کتێب لەسەر تەقاندنەوەی تاوەرەکانی بازرگانیی ئەمریکا لە 2001/9/11 نووسراون، بەڵام هەموو ئەو نووسینانە گرەویان لەوێنەی

حاڵەتەکانی کارەساتەکە نەبردووەتەوە، بۆ رووداوەکان، وێنە باشتر لەنووسین گوزارشت لەواقیعەکە دەکات، نەخوازەڵلا لەواقیعەکانی جەنگ.
بۆ جەنگی2003/3/20 ی سەر گۆڕەپانی عیراقیش تائێستا هێزی وێنەی جەنگەکە خۆی نمایش نەکردووە، بۆ نموونە تا کەناڵێکی وەک CNN کە بەشێکە لەلایەنی هێرشکەر، تا ئێستا لەچەند دیمەنێکی چوار پێنج خولەکی بترازێت، کە بەزیندوویی جەنگەکەی گواستووەتەوە نەیویستووە وێنەیتر بەڕای گشتی بدات، نازانم ئەگەر ئەو پێنج سەد رۆژنامەنووسەی کەهەر لەڕۆژی یەکەمی جەنگەکەوە وەک سەرباز لەگەڵ کاروانی سەربازەکانی ئەمریکاو بەریتانیا رێیان کردووە، ئەمڕۆ هەواڵی وێنەداری گەرم لەبەرەکانی جەنگ بەخوێنەرو بینەران نەدەن،ئەت کەی ئەو وێنانە بڵاودەکەنەوە؟
کوا وێنەی ئەو (کروفر)انەی کە بەدانپێدانانی ئەمریکاو بەریتانیاو عیراقییەکان لەخوارووی عیراق لەچەند رۆژی رابردوو لەبەرەکانی جەنگ بەڕێوەچووو؟ بەداخەوە لەم جەنگەش واهەست دەکرێت دەزگاکانی راگەیاندن بەسەر دووبەرەی جەنگەکە دابەشکراون، بەرەیەک بەسەرکردایەتی ئەمریکاو بەریتانیا وەک راگەیاندن تا رۆژانی سەرکەوتن بەرەی زیندووی جەنگەکەی داپۆشیوە، بەرەیتریش رژێمی عیراقە کەبەرەی جەنگەکەی چەواشە کردووە،سەرەڕای بوونی کۆمەڵێک کەناڵی تەلەفزیۆنی عەرەبیو رۆژنامە کە پەیامی راستەقینەی رۆژنامەگەریی خۆیان لەدەستداوە، رۆژنامەنووسانی هەردوو بەرەکە بۆ ئەو هەڵوێستانەیان کەوتوونەتە ژێر پرسیاری رای گشتی.

### جەنگ و پڕوپاگەندە

پروپاگەندە یەکێکە لەو سێ ئەرکەی کەرۆژنامە رایدەپەڕێنێت، ئاراستەی ئەو ئەرکەش لەگەڵ ناوەرۆکی ئەو بابەتە بەندە کە کار لەسەر ناوەرۆکی بابەتەکە دەکرێت، پروپاگەندە پێش ئەوەی سازکردنی رای گشتی بێت بۆ بابەتێکی دیاریکراو، بریتییە لەپاساو هێنانەوە بۆ بابەتەکە، یاخود بەشێک لەڕووداوێک قسەی لەسەر دەکرێت لەپێناوی کاریگەربوونی لەسەر جەماوەر، ئەگەر لەباری باو پروپاگەندە لەزمانی کوردیدا وەریبگرین،کورد پروپاگەندە لەو ساتەدا بەکاردەهێنێتو دەیخاتە رستەوە، کەیەکێک بیەوێت کەلوپەلی خۆی بەهەرمێن بکات، ئەمە رەنگە لەکاتی وردکردنەوەیدا زیاتر لەجاڕدان (الاعلان) نزیک بێت، بەڵام لەباری فەرهەنگیدا جیاوازی لە نێوان زاراوەکانی پروپاگەندە (الدعایە)و جاڕدان (الاعلان) دا هەیە، جاڕدان بەندە بەبواری بازرگانیو زیاتر کار لەسەر دارایيو سوودو قازانج دەکات، جۆرێکە لەسەرنجدانی خەڵک بەرامبەر بەکەلوپەلو کەرەستە،دەتوانین بڵێین پرۆسیسێکە بۆ فرۆشتنو کڕینو خۆشکردنی بازاڕی کەلوپەلو شتیتر، بەڵام پروپاگەندە زیاتر پەیوەندی بە بەبوارەکانی سیاسەتو حزبایەتیشەوە هەیە کایەی ئیشکردنەکەی لەهەناوی حزبو سەرووی دەسەڵاتدایە، وردەکارییەکانی ئەو جیاوازییەش زیاتر لەکاتی پرۆسێسکردندا بە دیاردەکەوێت، ئەگەر پروپاگەندە لەگۆشەی سیاسەتو حزبایەتییەوە راڤەی بکەین پێویستە ئەوە بزانرێت کەجۆری دەسەڵاتەکان پرۆسێسی پروپاگەندە دیاردەکەن، واتە ئەو زمانو شێوازەی کە ڕستەو دەستەواژەکانی بابەتی پروپاگەندەی لەسەر دادەمەزرێت، زمانی دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆر لەگەڵ زمانی دەسەڵاتدارانی دیموکرات جیاوازە، هەر ئەم دوو جۆرە دەسەڵاتەشە کارو کاریگەری پروپاگەندە لەڕووی گەیاندنو نەگەیاندندا دیاردەکات، چونکە تاکەکانی نێو تەوەری حوکمی

دیموکرات لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگای دیکتاتۆری زۆر جیاوازن، ئەو زاکیرەیەی لەو دوو کۆمەڵگایەدا وەک وەرگر مامەڵە لەگەڵ پروپاگەندە دەکات مەودای گەیشتنیان دوو رەوەندن، رەوەندێک لەپشت هەموو پروپاگەندەیەک نهێنی قسەیەکی شاراوە تا ئاستێک ناڕاست دەبینێتو رێگا نادرێت بەرامبەر بەو قسەو گوتارانە رەخنە بگرێتو قسەی خۆی بکات، ئەمەیان خاسیەتێکە لەخاسیەتەکانی دەسەڵاتی زاڵو کردەوەی دیکتاتۆرەکان، بەڵام لەوڵاتانی دیموکراتو دەسەڵاتی پەرلەمانیدا ئاراستەی ئیشکردنی پروپاگەندەو پروپاگەندەچی زۆر جیاوازی لەگەڵ وڵاتانی دیکتاتۆردا هەیە، هەموو ئاراستەکان بەکراوەیی کاریان لەسەر دەکرێت زیاتریش مەبەست لەئاگاییو تێگەیشتنی کۆمەڵگاکەیانە بەرامبەر بەپلانو بەرنامەی حکومەتەکەیان، پرۆسیسی پروپاگەندە لەو جۆرە وڵاتانەدا بەگشتی لەکاتی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانو شارەوانیو پارێزگاکان دەردەکەوێت.

ئەو هۆکارانەی ئامانجو کاری پروپاگەندەی پێ بەڕێوەدەچێت، بریتین لەڕۆژنامەو دەزگاکانی راگەیاندنو گەیاندن، ئەمڕۆش هۆکارەکانی گەیاندن پێشکەوتووەو بە هۆی سیستمی جیهانگیریی دەتوانیت لەماڵەکەی خۆت بە رێگای ئینتەرنێت سەیری سیاسەتی پێڕەوکراوی پروپاگەندەی زۆربەی وڵاتو نەتەوەکانی سەر رووی زەمین بکەیت.

ئەگەر بتوانرێت هێڵە کێشراوەکانی بازنەی پروپاگەندەی وڵاتانی دیکتاتۆر ببڕدرێت دەزانرێت چۆن پروپاگەندە حەقیقەتەکانی داپۆشیووەو ئەوشتانە بەیان دەکرێن کەدوورن لەڕاستیو عەقڵییەتی دیماگۆگی بەسەر ئەو رستەو پەرەگرافانەدا زاڵەو دەیانەوێت جەماوەرو رای گشتیی پێ لەخشتە ببەن، یان بەواتایەکیتر شتێک ئاڕاستە بکرێتو قەناعەت بهێنێت بەتایبەتی لەو وڵاتانەی تائێستا سانسۆریان لەسەر ئینتەرنێتو کەناڵە ئاسمانییەکان داناوە، یاخود ئاستی خوێندەواریو هۆشیاریان هەست بە بوونی هێزی ئەو جۆرە دەزگاو ئامێرانە ناکات،یان رێگایان پێ نەدراوە درکی پێبکەن، نموونەی ئەو جۆرە دەسەڵاتە دیکتاتۆرییانە لەئاسیاو ئەفریقادا بەڕوونی دێنە بەرچاو،زۆربەی خەڵکی نێو بازنەکانی ئەو وڵاتانە،دیکتاتۆری بەشێوەیەک دەورەی داون کۆدی دۆزینەوەی حەقیقەتی لێشاردۆتەوەو مۆنۆپۆڵی کردووە، وەک زانراوەو دەزانرێت باشترینو واقیعیترین کۆد بۆ هەڵدانەوەی رووی داپۆشراوی دیکتاتۆری، رۆژنامەو دەزگاکانی راگەیاندنو گەیاندنن، هەر بۆیە دیکتاتۆرییەت هەموو دەزگاکانی راگەیاندن لەیەک خاڵ کۆدەکاتەوە، ئەویش پروپاگەندەیە، دەزگاکانی راگەیاندنی وڵاتانی دیکتاتۆری کارو ئەرکو ئامانجەکانی رۆژنامەو رۆژنامەگەری بەقوربانی پروپاگەندە بۆ دەسەڵاتەکەی دەکات، زۆرجار گوێمان لێبووەو خراوەتە بەرچاومان تا لەداڕشتنی هەواڵیشدا زمانێک بەکاردەهێنرێت جۆرێکە لەپروپاگەندە بۆ دەسەڵات، ئەمەو بێجگە لەدابەزاندنی وێنە بەکۆمەڵە قەبارەیەک کەخوێنەر هەست دەکات لاپەڕەو ستوونەکان هارمۆنییەتی خۆیان لەدەستداوە، بۆ دانانی مانشێتو گواستنەوەی رووداویشدا هەمان کاردەکرێت، مردنی دیکتاتۆییەت بەندە بەکرانەوەو ئازادی رۆژنامەگەریی،کەی دیکتاتۆری رێگایدا پروپاگەندە بەهەردوو دیوەکەی کاری لەسەر بکرێت واتە نێگەتیڤو پۆزەتیڤ ئەوە پێویستە خوێنەر هەست بەوە بکات کەمەرگی ئەو دیکتاتۆری نزیک بووەتەوە، چونکە ئەمە سەرەتایەکە بۆ لەدەستدانی کورسی دەسەڵات.

لەنێو جۆرەها بابەتو شێوەو داڕشتنی پروپاگەندەدا تەنیا بەکورتی هەڵوەستە لەبەردەم حاڵەتی جەنگدا دەکەین، ناکرێت ئەمڕۆ بەهەمان عەقڵییەتی دوێنێی دواکەوتوو، پروپاگەندە بۆ جەنگو رۆژانی روودانی جەنگو رووبەری رۆژانەیی پێکدادانەکان بکەین، چونکە هۆکارەکانی راگەیاندن ئەوەندە پێشکەوتوون بەهەر شێوەیەک بێت دەتوانن ریشاڵەکانی پروپاگەندە شیتەڵ بکەنو دیوی

شاراوەو ناوەوەی ڕووداوەکان بەجەماوەر بدەن، بەڵام وەنەبێت ئەمڕۆ پروپاگەندە بەتایبەتی لەکاتی جەنگدا هێزو کاریگەریی خۆی بەتەواوی لەدەستدابێت، کەباس لەڕووی نێگەتیڤی پروپاگەندەی جەنگیی دەکەین، نەزەرمان وایە کەجەنگ تەنیایەک پێناسەی هەیە بریتییە لەکوشتنو ماڵوێرانیو شکستهێنان لە گۆڕینەوەی بیروڕاو لەیەکگەیشتنو قەناعەت بەیەکترهێناندا، بەڵام دەبینین لەکاتی غیابکردنی ڕاگەیاندندا، ڕۆژنامەنووسان ناتوانن یان نایانەوێت دەمکوتی پروپاگەندەچیەکانی جەنگ بکەن، مەبەستمان لەغیابی ڕۆژنامەنووس واتە بە فیعلی لەبەرەکانی جەنگ بوونی نییە، یاخود کاری پیشەیی خۆی ونکردووەو وەک چەکداری یەکێک لەبەرەی شەڕکەران هەواڵو وێنەکانی ئامادە دەکات.
بەوەرگرتنی حاڵەتی جەنگی ئەمڕۆی عیراق دەتوانین وردتر لەئەرکی چەواشەکارانەی پروپاگەندە بگەین، ڕژێمی دەسەڵاتداریێتی بەعس لەعیراقدا کە لایەنێکی جەنگەکەیە تائێستا بە پروپاگەندەکانی نەیتوانیوە قەناعەت بەڕای گشتیی دەرەوەی وڵاتەکەی بکات،چونکە شێوازی پروپاگەندەکانی زۆر لاوازنو بەشێکن لەکلتووری دیکتاتۆریو خوێنڕێژی ڕژێمی ناوبراو، ئەمەو بێجگە لەبەکارهێنانی زمانێک کە هەوڵدەدات شکستەکانی بەسەرکەوتن بگۆڕێتەوە، لایەنێکیتری جەنگەکە ئەمریکاو بەریتانیان، ئەوانیش تا ئێستا چەندان جار لەپروپاگەندەکانیان کەوتوونەتە بەر سێرەی ڕۆژنامەنووسانو هەڵەکانیان هەڵدراوەتەوە، بەتایبەتی بەرامبەر بەچارەنووسی سەرانی بەعسو باردۆخی بەرەکانی جەنگو کاتی جەنگەکەو ناودێرانی جەنگەکە، واتە جەنگەکە هەڵگری چ ناوو شووناسێکە؟ ئەم جیاوازییانە بە بەراورد لەنێوان ڕۆژنامەکانی ئەمریکاو بەریتانیا هەستی پێدەکرێت، هەردوو لایەنی شەڕکەر بۆیان هەیە پروپاگەندە بۆ سەرنجڕاکێشانی ڕای گشتی بەکاربهێنن، بەڵام ئەرکی دەزگاکانی ڕاگەیاندنیشە کە لایەنی نێگەتیڤو نادرووست لە پروپاگەندەکانیان ڕاست بکەنەوە.

### سەرچاوەی هەواڵەکانی جەنگ

لەڕووی هونەرکارییەوە هەواڵ هەر هەواڵە,لەڕووداوێکەوە سەرچاوە دەگرێتو پرسیارەکانی هەواڵ وەڵامدەداتەوە،بەڵام لەباری ناوەڕۆکی ڕووداوەکەوە تایبەتمەندی بابەتی هەواڵەکە دیاریدەکرێت،هەر لەسەر ئەو بنەمایەش جۆرەکانی هەواڵ دیاری دەکرێن، ڕۆژنامەش بەپێی ئاراستەی ئیشکردنی،کار لەسەر بابەتی هەواڵ دەکات بەتایبەتی لەهەڵبژاردنو دیاریکردنی ستوونی دابەزینو پاشو پێشکردنی ستوونەکاندا، ڕەنگە ئەم بۆچوونە بۆچوونێکی ڕۆژهەڵاتییانە بێت، چونکە ئەگەر دیاردە، یان واقیعێک وەک بابەت وەربگرین ئەوە سەرەتا پێویستە بەهای ڕووداوەکە حیسابی بۆ بکرێت نەک لایەنە سیاسیو ئایدیۆلۆژیو مەیلگیریو شتیتر.
بۆ دەستکەوتنی هەواڵ پێویستە سەرچاوەیەک هەبێت هانای بۆ ببردرێت وەک چاوگ پشتی پێ ببەسترێت،بۆ ئەو مەبەستەش چەند هۆکارێک بۆ گەیاندنی ڕووداوەکان بەکاردەهێنرێن، ئینجا ئەو هۆکارانە یان ڕاستەوخۆو ئاشکرا ناوی سەرچاوەکە دەهێننو لەڕووی مسداقییەتەوە دەبێتە سەرچاوەی هەواڵەکە، یاخود شاراوەیەو ناڕاستەوخۆ خۆی نمایش دەکات، بەڵام زەمانەت لەڕاستگۆیی هەواڵەکە لەشێوەی داڕشتندا هیچ گومانێک دروست ناکات، چونکە خودی ڕووداوی هەواڵەکە دەبێتە نزیکترین بەڵگە بۆ سەرچاوەکە، کارو ئیشی ڕۆژنامەنووسان بۆ وەرگرتنو دەستکەوتنی هەواڵ لەگەڵ پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییەکان ئەرکەکەی تۆزێک سووک بووە،

بەتایبەتی لەڕووی جەستەییەوە بۆ گەڕانو پشکنین گوێ قووڵاغ کردنو نیگا هەڵخستنو ئەنساتدا،زۆربەی هەواڵەکانی رۆژ بێجگە لەگەنجینەی رۆژنامەو رادیۆو تەلەفزیۆنەکان، هەموو لەعەمبارێک کۆدەکرێنەوە کە بەئاژانسی هەواڵ ناوی هاتووە،بەگشتی سەرچاوەکانی هەواڵ تا ئێستا توانیویەتی سوود لەپەیامنێر، سەنتەری ئاژانسی هەواڵ، تەلەفزیۆن، رادیۆ، رۆژنامە، ئارشیف، دەزگا سیخوڕییەکان، هەواڵنێر، سەرچاوەی تایبەت..هتد وەربگرێت،بەڵام دوای پێشڤەچوونی ئامێرەکانی گەیاندن ئێستا باشترین گەرمترینو سوودمەندترین سەرچاوەی هەواڵ ئامێری ئینتەرنێتە،ئەم ئامێرە بۆ وەرگرتنو کۆکردنەوەو دانانی هەواڵ وەک دەریا وایە هەردەم هەواڵی نوێی دێتە ناوو دەتوانرێت بەردەوام سوودی لێوەربگیرێت.

ئایا جەنگ رووداوەکانی سەرچاوەی تایبەتیی هەیە؟ ئایا رووداوەکانی جەنگ بۆ بەدەستکەوتنی هەواڵ چ جیاوازی لەگەڵ رووداوێکیتردا هەیە؟ لەم نووسینەدا هەوڵدەدەین وەڵامی ئەم پرسیارانەو پرسیاری سەرچاوەی هەواڵەکانی جەنگ بەگشتی بخەینە ڕوو.

جەنگ بەشێکی گەورەی لەژیانی مرۆڤایەتی داگیرکردووە زۆربەی مێژووی ئەو ژیانە بریتی بووە لەجەنگ، جەنگیش لەهەموو کردەوەو ئاکارێکی تر جێگای سەرنج و رووژاندنی زاکیرەی تاکو هەڵکشانو داکشانی کۆمەڵە، رووبەری جەنگ بریتییە لەو قورساییەی هاوسەنگی هەموو پارسەنگێک بەلای خۆیدا رادەکێشێت، هەموو نیگاکان لەپنتی روودانو بەردەوام بوونەکەی کۆدەکاتەوە،جەنگ حاڵەتێکی نائاساییە لەڕۆژژمێری تاکەکانی نێو کۆمەڵگادا،جەنگ کەرەستەکان تێک دەشکێنێتو پاشماوەیەکی لێکترازاو جێدەهێڵێت، چێکردنەوەی شتەکان لەسەرهەڵدانی قورسترو گرانترە،دیارە لەناودێرانی جەنگدا مەبەستمان لەجەنگی چەکدارییو پێکدادانی چەکداری دوور لەمێزەکانی گفتوگۆیە،ئەو جۆرە جەنگانەش مرۆڤ لەهەردوو حاڵەتی ژیانیدا واتە لەکاتی بەئاگاییو نائاگاییدا هەموو بیرکردنەوەکانی دەخاتە شوێنی رووداوەکەو ئەنجامی مەیدانی جەنگەکان،ئینجا ئەگەر رووداوێک بەو شێوەیە کاریگەرو زیندوو بێتو رۆژانە مرۆڤ چاوەڕێی ئەنجامی لێبکات، لە حاڵەتەدا راگەیاندن چۆن دەتوانێت سات بەسات زانیاری تازە بەزاکیرەی مرۆڤ بدات..؟

هەواڵەکانی جەنگ هەر لە کۆنەوە تا بەجەنگی ئەمڕۆی عیراق دەگات بۆ خەڵک گەرمترین ساتەکانی رامانی ژیانی مرۆڤ بووە،راگەیاندنیش لەگەڵ روودانی هەر جەنگێکدا گەرمایی زیاتر بە لاپەڕەکانی دەدات ئەگەر بەرنامەیەکی چاوەڕوانکراو بۆ هەڵگیرساندنی جەنگەکە هەبێت،ئەوا کەناڵەکانی راگەیاندن بەرنامەو کەناڵی گونجاو دادەنێن بۆ گواستنەوەو گەیاندنی تازەترینو گەرمترین هەواڵی جەنگەکە بەشێوەیەک خۆیان تەییار دەکەن تابتوانن سەبەق لەدەست خۆیان نەدەن،وەک دەزانرێت جەنگێک بۆ جەنگێکیتر جیاوازی هەیە، جەنگێکی ناوچەیی لەگەڵ جەنگێکی جیهانی یاخود هاوپەیمانێتیی چەند وڵاتێک لەگەڵ جەنگی دوو حزبو دوو دەوڵەت جیاوازن، هەر یەکێک لەو رووداوانە بەشێوەو جۆرێک لەلایەن کەناڵەکانی راگەیاندن نەخشەو پلانی وەرگرتنی زانیاریی پێویستو گواستنەوەیان بۆ دادەنرێت،پێش بڵاوکردنەوەشیان بەمەبەستی گەیاندن، میتۆدو ئاراستەکان دەستنیشان دەکرێن،ئەمەش زیاتر بەندە بەدوورییو نزیکیی جەنگەکە لەئەمنی قومیی ئەو وڵاتەکە،واتە ئایا کەناڵەکە بەشێکە لەجەنگەکەو سەر بەکام بەرەیە،یاخود لەکام لەبەرەکان نزیکە؟ یان کام لەو دوو سەنگەرە بەسەنگەری خۆی دەزانێتو لێی نزیکە؟ لەو رووەوە پێویستە رۆژنامەو دەزگاکانیتری راگەیاندن بێلایەنانە هەواڵەکان بەخوێنەرو بینەرو گوێگران بگەیەنین،بەڵام لەجەنگە گەورەکاندا راگەیاندن نەیتوانیووە بێلایەنی خۆی بپارێزێت کە بەداخەوە خەریکە ئەمە هەڵسو کەوتە دەبێتە مۆدێل.

خۆئامادەکردنی رۆژنامەکان لە حاڵەتی روودانی جەنگدا بە چەند شێوەیەک دەبێت، تا ببێتە سەرچاوە بۆ دەستکەوتنی تازەترین هەواڵ، هەر کەناڵێک هەوڵدەدات لەرۆژانی روودانی جەنگدا ناوەندێکی هەواڵ دروستبکات بەپلەی یەکەم پشت بەو پەیامنێرانەی دەبەستێت کە لەبەرەکانی پێشەوەی جەنگدا راستەوخۆ بەشێوەیەکی زیندوو وێنەو رووداوی پێکدادانەکە دەبینن‌و بۆ ناوەندی هەواڵی کەناڵەکانی راگەیاندنی دەگوازێنەوە، ئەو هەواڵەش لەحاڵەتێکدا پشتی پێ دەبەسترێت کەراستگۆیانە بەدەر لەفشاری لایەنێکی جەنگەکە ئامادەکرابێت‌و لەسەر هیچ سۆزو خرۆشانێک رانەگەیەندرابێت.

بۆ پراکتیزەکردنی بیرو بۆچوونەکانی نێو ئەم نووسینە، جەنگێکی وەک ئەمرۆی عیراق وەردەگرین، ئەمریکاو بەریتانیا چەندان رۆژ پێش کاتژمێری سفری روودانی جەنگەکە کۆمەڵێک رۆژنامەنووسیان خستبووە ئۆردوگای مەشقەوە تابتوانن وەک سەربازێک بەشداری لەبەرەی جەنگدا بکەن تا ببنە سەرچاوەیەکی هەمیشەیی بۆ رووداوەکان، واپێشبینی دەکرا کەناڵێکی عیملاقی وەک CNN هەموو ساتێک تازەترین‌و راستگۆترین هەواڵی وێنەدار بەبینەران بدات، چونکە ئەگەر رۆژنامەنووسە مەشقپێکراوەکان ژمارەیان نزیکەی500 کەس بێت، ئەوا رێژەی شێری ئەو ژمارەیە سەر بەکەناڵی تەلەفزیۆنیی CNNن..

پرسیار؛ ئایا بۆچی ئەو کەناڵە ناوبراوە بەرهەمێکی سەرنج راکێشەری نەبوو..؟ ئێمە واهەست دەکەینکەCNN رۆژنامەنووسانەکانی بۆ جەنگێکی چاوەڕوانکراوی لەو شێوەیە مەشق پێ نەکردبوو، دیارە پێشبینیی جەنگێکی لەو شێوەیەی نەکردبوو! هەر بۆیە ئەگەر لە هەموو جەنگە گەورەکانی رابوردوو راگەیاندن، ماشێنی جەنگی بەرەو پێش‌و سەرکەوتن بردبێت، ئەوە لەم جەنگەدا راگەیاندن رۆڵێکی بەرچاوی نەبوو، سەرچاوەی هەواڵەکان لەکۆمەڵێک ناوەندو پێگەی تەقلیدی بترازێت، رێگەی پێنەدرا کارێک پێشکەش بکات تەجاوزی تەقلیدییەت بکات، بەتایبەتی زومی کامێراکان، بە رای من ئەمریکا سەرچاوەکانی هەواڵی داپۆشیوەو واپێدەچێت دوای وەستانی جەنگەکەو بردنەوەی ئەمریکا لەم جەنگەدا سەرچاوەکان چیرۆکی لاوازکردنی خۆیان بگێڕنەوە، لەم جەنگەدا سەرچاوەی هەواڵەکان، ئەوەندەی رووداوەکانیان ئەرشیف کردووە، ئەوەندە لەرۆژگاری جەنگدا گەرمییان بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن نەناردراوە، سەرچاوە تایبەتییەکانی هەردوو لایەنی جەنگەکە بوونە سەرچاوەی هەواڵەکان‌و رۆژانە زۆربەی پانتایی ستوونەکانیان بۆ خۆیان برد، وەک لێدوانی لایەنەکانی شەڕکەر، پەیامنێرانی موحافزکار، کۆنگرە رۆژنامەنووسییەکانی ئەمریکاو عیراق، دەزگا سیخوڕییەکانی هەردوولا، لەم جەنگەدا هەواڵی راستەقینە شاردراوەیەو ڕووداوەکان لەکاتی خۆیدا رای گشتییان نەدەورووژاند، نیگەرانیی گەمەی بەزاکیرەو نیگا دەکرد.

### راگەیاندن‌و راکێت‌و رای گشتی

لەرۆژگاری جەنگدا ماشێنەکانی چەکو راگەیاندن راستەوخۆتر دێنە ناو زاکیرەی رای گشتی‌و بزاڤەکە زیندووتر دەخەنە گەڕ، بەڵام وەنەبێت هەموو شتەکان هەڵگری یەک سیماو یەکو یەک رێڕەو بن، بۆ نموونە راگەیاندن ئەگەر سادەترین دەستەواژەی لێوەربگرین، کۆکەرەوەی رووداوە یەک لەدوای یەکەکانی ژیانەو گەیاندنیانە بەتاکەکان بەمەبەستی ئاگاداربوون لەواقیع‌و گۆڕانکارییەکان، بەرەچاوکردنی رەهەندەکان، چەکیش بەگوێرەی زەمەنی گۆڕاوو پێشڤەچوونی مێژوو لەباری پێناسەدا چەندان رستەو پێناسەی بۆ ریزبەند کراوە، بەڵام جەنگ ئەگەر

لەکورتترین رستەدا کۆبکرێتەوە ئەوە ئامێرێکی بەرگری‌و هێرشو پارێزگارییە بۆ پاراستنی دەسەڵاتێک،زیاتریش بەندە بەدەسەڵاتی سیاسییەوە،رای گشتیش کۆبوونەوەو رادەربڕین‌و هەڵوێست وەرگرتنی کۆمەڵە کەسێکە بەرامبەر بەڕووداوێک، دەکرێت وەک هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی،جەنگ لەچەندان پێناسەی تریشدا کۆبکرێتەوە، چونکە لەگەڵ ڕەوتی هەمەشێوەیی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئەو هەڵوێست وەرگرتن‌و بزاڤە ناوکۆییەش بەهۆکارو ڕەوتی‌تر هەنگاوی ناوە.

ئایا دەکرێت لەڕۆژگاری جەنگدا وەک سێ دەسەڵاتی جیا سەیری ئەو سێ چالاکییە ناوبراوە بکەین؟ ئایا مووشەک (راکێت)و تانکو فڕۆکەو جۆرەها چەکی‌تر دەتوانن لەهێزی بزاڤەکانی راگەیاندن‌و رای گشتی کەم بکەنەوەو بێدەنگیان بکەن؟ ئایا چەک بەبێ هێزی دەزگاکانی راگەیاندن‌و ڕەوتی یەکدەنگیی رای گشتی دەتوانێت بچێتە بەرەکانی جەنگ؟ ئایا ماشێنی جەنگ بە فەرامۆشکردنی ئەو دوو هێزە سەرکەوتن تۆماردەکات؟ پێش ئەوەی وەڵامی ئەو چەند پرسیارە بدەینەوە،پێویستە ئەوە بزانرێت کەدەشێت وەک حاڵەتێکی رووتی کۆمەڵگا راگەیاندن‌و چەک رای گشتی پێکەوە وەربگرین بەتایبەتی راگەیاندن‌و رای گشتی،ئەمە لەو ساتانەدا خۆی دووبارەو چەند بارە دەکاتەوە کە بابەتو رووداوێکی هەنووکەیی لەئارادا بێت،راگەیاندن وەک ماکینەیەک نیگای پێشکەوتنی بابەتەکە لەڕای گشتییەوە سەرچاوە دەگرێت‌و هەوڵدەدات برەو بەڕەوتەکە بدات،ئەم حاڵەتە زیاتر لەو کۆمەڵگایانە کاری لەسەر دەکرێت کەدەسەڵاتی دیموکراتین‌و رای گشتی بەهەند وەردەگرن‌و مەبەستییانە گوێ لەڕای شەقامی وڵاتەکەیان بگرن‌و بەئاشکراش هاوارو دروشم‌و ڕەوتەکەیان ببینن،لەو کۆمەڵگایانەی کەدەسەڵات دیکتاتۆرین،رای گشتی هەیە،بەڵام شاراوەیەو ناتوانێت بەئاشکرا دەنگی خۆی هەڵبڕێت،واتە دەنگێکی پەنگخواردووەو لەبەرژەوەندیی دەسەڵاتەکەش نییە ئەو دەنگە ناتوانێت سەر شەقام‌و بیروڕای خۆی رابگەیەنێت.

ئەگەر وەک دەسەڵات سەیری راگەیاندن‌و چەکو رای گشتی بکەین،ناتوانین بەشێوە باوەکەی دەسەڵات هەر یەکێکیان لەخانەیەکی تایبەتی دابنێین، چونکە فەرهەنگو حوکمڕانیی، چوار جۆری دەسەڵات دەناسێت "یاسادانان،راپەڕاندن،قەزا،ڕۆژنامەگەریی" ئەمە ڕەنگە زیاتر بۆ رۆژگاری ئایدیۆلۆژیی‌و ململانێی دووجەمسەریی وەک مۆدێل سەرەتایەکی گەرمی ئیشکردن بووبێت،بەڵام دوای جیهانی تاک جەمسەری ئەمڕۆش نەتوانراوە لەپانتاییەکی گەورەی دنیا ئەو چوار دەسەڵاتە جێ شوێنی کارکردنیان بەهێز بکرێن،بەڵام نابێت ئەوە پشتگوێ بخەین،کە لەهەندێک وڵاتی پێشکەوتووی دیموکراتیدا باس لەوە دەکەن کە راگەیاندن توانیویەتی وەک دەسەڵاتێکی سەرەکی جێی خۆی بکاتەوە،بەگشتی واباوە کەچەکو رای گشتی هێزی دەسەڵات بن بۆیە وەک دەسەڵاتی سەربەخۆ پۆلێن نەکراون،ئەمە بەپێودانگی لایەنە قامووسییەکەی!

لەهەموو زەمەنێکدا خەتی میلیتارییەت خۆی وەک دەسەڵاتی دەسەڵاتەکان نمایشکردووەوعەقڵییەتێکی زاڵی بڕیاردانیش بووە،بەدەر لەبوارە تیۆرییەکە، تائێستا نەیویستووە بچێتە ناو وردەکارییە نیگەتیڤەکانی راگەیاندن، بەتایبەتی سەبارەت بەگوتاری ڕەتکردنەوەی ڕێگاچارەی چەک بۆ ئەو بابەتانەی پێویستییان بەچارەسەر هەیە،بۆ دەنگو هەڵوێستی رای گشتییش وەک ئیعتیباراتێکی ئەخلاقی لەسەرەتاکانی خرۆشانی جەماوەردا لەسۆزو ڕەنگڕێژکردنی ڕەوتەکەیان نزیکبووەتەوەو گوێی لێگرتوون تا خامۆشیان بکاتەوە،بەڵام کە یەکەم گوللە تەقی‌و ئاگری چەک باری،وردە وردە رای گشتی ماندوو دەبێت‌و هێزی خرۆشانەکەی رۆژ بەڕۆژ کەمتر دەبێتەوە، عەقڵییەتی میلیتاری‌و کردەوەی میلیتارەکان تا ئەو ئاستە چاو لەڕۆژنامە دەکەن کەدەست بۆ نهێنییەکانیان نەبات‌و سەرکەوتنەکانیان فەرامۆش

نەكات،بەڵام وەنەبێت راگەیاندنو رای گشتی ئەو فشارو بازنە داخراوەی سوپاو چەك بەناوچەیەكی مینرێژكراووو حەرام تێبگاتو نەیەوێتو هەوڵنەدات ببیرێت،ئالییەتی كارو پرەنسیپو دیسپلین ئامانجی هەر یەكێك لەو سێ هۆكارە ناوبراوانە جیاوازە، بەڵام دەتوانرێت لەزۆنێكی وەك رۆژگاری جەنگدا بەمەبەستی بەراوردو كاریگەری كردەوەو كاردانەوەیان قسەیان لەسەر بكرێت،سەرەرای ونكردنی جوانیو گفتوگۆو گۆرانكاری لە كاتەكانی جەنگدا،بەڵام نەنەخشەو پلان كاری راگەیاندن دەوەستێنێت، نەرای گشتی لەناودەبات،ئەوەی جەنگو دەستەی میلیتار دەیەوێت كە ئامێرەكانی تری ژیان لەبەرژەوەندی بەرەی جەنگدا بێت،لەپێش هەموو هۆكارو ئامێرەكانیش رای گشتی بۆخۆی دەستەبەر بكات،بۆ ئەمەش پێویستی بەماشێنی دەزگاكانی راگەیاندنە،تا لەخزمەتیدا بێت،لەپێناوی رایكردنو كۆكردنەوەی دەنگێكی زۆری شەقامو گۆشەكانی كۆمەڵگا،هانا بۆ چەندان جۆرو شێوەی پروپاگەندە دەبات،كەچی بەخوێندنەوەو دەوركردنەوەی مێژووی جەنگە گەورەكانی جیهان دەبینین سەرەرای جیاوازی لەكار كردەوەدا،بەڵام جەنگو راگەیاندن هەوڵیانداوە لەرەهەندی رووداوەكاندا یەكتر نەسرنەوە.

ئەگەری روودانی جەنگ لەگۆرەپانی عیراقدا ماوەیەكی باش بەهۆی دەزگاكانی راگەیاندن جیهانی بەتەقاندنی یەكەم گوللەو رۆژی دەستپێكی حەقیقی جەنگەكەوە خەریك كردبوو،بەڵام كاتژمێری سفرو یەكەم بەرەی خشینی هێزی پیادەو كۆمەڵێك زانیاریتر نەگەیشتە سەرپەرەی رۆژنامەو شاشەی تەلەفزیۆنو ئێستگە رادیۆییەكان،لەولاوەش هێزی دژە جەنگ جەماوەرێكی گەورەی وەك رای گشتی هێنایە سەر شەقامو كوچەی پایتەختو شارە گەورەكانی جیهانو قسەی خۆیان كردو دوایی كپ بوونەوە،راگەیاندنیش نەیتوانی بێلایەنیی خۆی بپارێزێتو بووە دوو بەرە.

تەنیا راگەیاندنی یەك دوو وڵاتی ئەسكەندناڤیو چەند كەناڵێكی راگەیاندنی ئەورووپی هەوڵدەدەن رووداوەكە بگوازنەوەو كوشتنی خەڵكی مەدەنیو ئاوارەبوونی خەڵك گەورە بكەن،ئەمانە ئەنجامێك رادەگەیەنن،كە ئەگەر میلیتارییەت برِیارێكی جەنگی لەشێوەی عیراق بدات،زۆر گوێ لەرای گشتی ناگرێتو زۆر لەخەمی هەواڵەكانی نێو راگەیاندن نییە، میلیتار بە وریایی رستەو دەستەواژە بەپەیامنێرو رۆژنامەنووسان دەدات،بەتایبەتی ئەگەر لەبەرەكانی جەنگ دڵنیا نەبێت.

رۆژی 2003/3/30 ئاژانسی هەواڵی رۆیتەرز دوای نزیكەی دوانزە رۆژ لە هەڵگیرسانی جەنگی عیراق،راپۆرتە هەواڵێكی سەبارەت بەبێ ئومێد بوونی رۆژنامەنووسان بەرامبەر بەژەنەراڵەكانی جەنگ بڵاوكردووەتەوەو دەڵێت: رۆژنامەنووسان بەرامبەر بەو مەرجانەی بۆیان دادەنرێت سەبارەت بە وەرگرتنی زانیاری بێ ئومێد بوون.. هەروەها دەنووسێت: رۆژنامەنووسان لەبارەگای سەربازیی ئەمریكا لەعەدیدی وڵاتی قەتەر پاساوێكی زۆرو زانیاریی كەم وەردەگرن،واتە بۆ پرسیاری رۆژنامەنووسان ئەوەندەی باس لەپاساو دەكەن،ئەوەندە زانیاری ورد بەرۆژنامەنووسان نادەن، بەریتانییەكانیش لەبەردەمی بارەگاكەیان دروشمێكیان هەڵواسیوە نووسیویانە:"ئێمە وردەكارییەكانتان پێشكەش ناكەین"واتە بە رۆژنامەنووسان.

راگەیاندنی رژێمی دیكتاتۆری عیراقیش هەردەم راگەیاندنێكی بێ بنەمای رۆژنامەنووسیی بوو،بەشێك بووە لەئەدەبیاتی بەعسو سوودی لەئەزموونی ئەو جەنگانە وەرگرتووە كەهەم رووبەرووی خەڵكی وڵاتەكەی خۆی كرۆتەوە، هەم ئەو جەنگانەی كەلەگەڵ وڵاتانی دراوسێ كردبوویەتی،هەروەها كۆمەڵێك دامودەزگای وڵاتانی عەرەبییش هاوكاری ئەو جۆرە راگەیاندنە رژێمی بەعس دەكەن.

جەنگ كەرِوویدا،سەرەرای رەچاوكردنی ئاراستەی كاری دەزگاكانی راگەیاندن پێویستە رووداوەكە وەك خۆی وەربگیرێتو هەوڵ بدرێت لە كاتی گواستنەوەی رووداوەكەدا راستگۆییو بێلایەنی

بپارێزرێت، لەو حاڵەتانەدا هەردوو لایەنی شەڕکەر هەوڵدەدەن سەرنجی رای گشتی بەهۆی کەناڵەکانی راگەیاندن کۆبکەنەوە، بەڵام ئەم جەنگە ئاماژەی بە حەقیقەتێکیتری دا کە لە سەردەمی جیهانگیرییشدا راگەیاندن ناتونێت، یان باشترە بڵێین رێگای پێنادرێت هەواڵی هەموو گۆشەکانی جەنگەکە راستەوخۆ بەخەڵک بگەیەنێت..؟

**کتێبە چاپکراوەکانم**

1- پۆلووی ژووری نووتەک، شیعر، بەغدا- 1985
2- ساکەدەشت، شیعر، بەغدا-1988
3- مرۆڤو تابووت، شیعر، هەولێر-1991
4- یەکێتی نووسەرانی کورد یان یەکێتی نووسەرانی کوردستان، لێکۆڵینەوە، هەولێر-1991
5- بازنەکانی مردن، شیعرێکی درێژ، هەولێر-1993
6- پاڵتۆی حزب، شیعر، هەولێر-1995
7- بەرەو سەرەتا، لێکۆڵینەوە، سلێمانی-1998
8- بیبلیۆگرافیای هەردوو گۆڤاری نووسەری کوردو نووسەری کوردستان، بە هاوکاری یاسین قادر بەرزنجی، سلێمانی-1998
9- کێشەی ئاو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لێکۆڵینەوە-ئامادەکردن، سلێمانی-1998
10- منداڵو ئەدەب، لێکۆڵینەوە، چاپی یەکەم، سلێمانی-1998، چاپی دووەم، سلێمانی-2006
11- شەبەک(مێژوو، ئاین، سەرژمێر) لێکۆڵینەوە- وەرگێران، سلێمانی-1999
12- گۆڤاری گزنگ- لێکۆڵینەوەو بیبلیۆگرافیا، سلێمانی-1999
13- مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدو رۆژنامەی خەبات، لێکۆڵینەوە، سلێمانی-2000
14- کوردستانی نوێ- یەکەمین رۆژنامەی رۆژانەی راپەڕین، لێکۆڵینەوە، سلێمانی-2001
15 شۆڕشی رۆژنامە- رۆژنامەی شۆڕش، لێکۆڵینەوە، سلێمانی-2001
16- رابەری رۆژنامەگەریی نهێنی کوردی1961-1991، بیبلیۆگرافیا، سلێمانی-2001
17- رۆژنامەی کورد- رۆژنامەی سێپتەمبەر، لێکۆڵینەوە، سلێمانی-2002
18- رۆژنامەو جەنگ، وتار، سلێمانی-2003
19- رۆژنامەگەریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دەرەوەی کوردستان، لێکۆڵینەوە، سلێمانی-2004
20- رابەری رۆژنامەگەریی نهێنی کوردی 1923-1960، سلێمانی-2004
21- هونەرەکانی ئەدەب لە رۆژنامەگەریی نهێنیی کوردیدا 1961- 1991، سلێمانی 2005